ڕژاوا لە نێوانی قبوڵکردن و سازشکردنا … زاهیر باهیر

ڕژاوا بە بارودۆخێکی یەکجار سەختدا تێدەپەڕێت، سەرەنجامەکەی هەشتا نادیارە بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا ئاشکرایە بژاردەی یەکلایەنو دوانەی سەرەوەیە.
ئەوەی کە ئێستا ڕووددات لە ڕژاوا پاشخانی ئاڵوزی خوێناوی کوردانی ڕژاوا و پێکهاتەکانی دیکەیی هەیە و دڵگەیتەوە بە شەڕی ڕەوای بەرگریی جەنگاوەرانی کوبانی و هاتنە ناوەوەی ئەمریکا وەکو یارمەتیدەر و کۆمەککەر.
ئەوەی کە لە مەشکی منداڵە سەرتاوە تا ئێستاش چەسپبووە، هاتنی ئەمریکا دوای ئەوەبوو کە زانرا کوبانی ناکۆکت و هاوکاتیش ڕووگایەکی دیکە نەبوو بۆ لەباربردنی ئەو ئەزموونە ساوایەی ڕژائاوا، جگە لە نزیکبوونەوە و هەوەدانی کۆنترۆڵکردنی نەبێت بە ئەوەی ببێتە بەشێك لە ئامانج و ستراتیجییەتی ئەمریکا.
زەمینەی دروستبوونی ئەو واقیعەش نەبوونی هاوپشتی و هاریکاری نەتەوەیی چەپ و نقابیی و کۆمنیست و شیالیت و ئنارکیستەکانی جیهان بوو وەکو پێویست. هاوکاتیش ڕوونەدانی جەرگ لە ئاپۆیین لە وڵاتانی دەرەوەدا دژ بە حوکمڕانکانیان، بوو.

بۆای من ئەمریکا بە پلان هاتە ناوەوە و پلانکێش بە بەشداریکردنی و تورکیا و ڕوسیا و قەتەر و سعودیەو و تەنانەت حکومەتی هەرێمیش، بوو. نەدەکرا ئەزموونکی ئاوا سەکەوتوانە لە شوێنکی ناوچەیکی بارگاوی بە چەندەها گرفت و دۆسیە بە چەندەها سامانی سروشتی قەبوڵبکرێت. ئەزمونێك کە چەندەها لایەنی گرنگی وەکو کۆنفیدراڵیزمی دیمەکرات و خەسڵەتی پرسی ئیکۆلۆجی و ئافرەتان و پێکهاتە ژیانی بە هارمۆنی پێکهاتەکانی دیکەی ڕژاوا و کردنی دین بە پرسکی خودی شەخسی و بیرکردنەوە و کارکردن لەسەر کاری هەڵوەزیی … هەموو ئامانە ئامانج و پایەکانی بزوتنەوەی ڕژاوا بوون، چۆن دەکرێ و دەکرا قەبوڵبکرێت.!!!!
ئامانە بەردی بناخەی پیلانە گەورەکەی ئەو لایەنانەی کە لە سەرەوە ناوم هێنان دژ بە ڕژاوا دانا.

پلاندانانی ئەم پیلانەش هەر ئاوا ئاسان نەبوو. بە ئەمە ئەمریکا لە پێدەنێك بووەوە نێك لەبەر ئەوەی کە پێدەدەهزکی سیاسی بە

هێز بوو و پێگەیەکی گەورەی هەبوو، بەڵکو بە هێزیی سەربازیی یەپەگە و یەپەژە و کە دواتر بووون بە هەسەدە، بووە. ئەمریکا ئاوڕشی دەزانی کە تەنها ڕێگایەك بە ئاوای ئاو هێزە چەکدارە خەبەخشی کەمەنتییەکە، تا ئادیەك بکاوێتە ژێر ئاراستە و ڕێووی ئاوانەوە ، تەنها و بە تەنها بە حیزبی پێیدە دەکرا و دەکرێت. کەواتە هەنگاوی یەکەم ڕەکەوتن بووە لەتەك پێیدە، دووهەم دەرهەنانی هێزی یەپەگە و یەپەژە بوو لە هێزی خەبەخشی کەمیتییەکە و بەرگریی لە کەمەنتییەکە و بردنیان بەرەو هێزکەی گەورەی دیسپلینی حیزبی و هەشبەر بە ئاو شوێنانەی کە پێیدە و ئەمریکا نەخشیان بە دەکەشان. بە گاوڕکردنی ئەم هێزە و گەینی ئاماستەیی و بەردەومدان بە شکەکە و دابینکردنی ژیانیان و جلوبەرگیان و چەك و تەقەمەنیان ئاوەندەی دیکە نەك پێیدە و هێزکەی خستە باوەشی ئەمریکاوە بەڵکو دووریشی خستنەوە لە بیناکردنەوەی ڕەژاوا لە بناخەوە هەر لە ڕووی ئابووریی و کەمەڵایەتیی و کولتووریی و فەرهەنگیی و کار و ئەرکی دیکەشەوە.

ئەم هەنگاوی سێیەمی پێکهێنا. لە هەنگاوی چوارەمدا کە ئێدی ئامانجی ئەمریکا و ستراتیجییەتی لە تاوابووندا بوو فراوانکردنی شکە و ناردنی دێهها بارگە و بنەی سەربازیی و زیادکردنی دانجیەڵی دەوڵەتی تورکیا لێیان و دوورخستنەوەیان لە پێوەندییان لەتەك ڕوسیا و کەمکردنەوەی پاپشتی نەونەتاوەییی لێیان هەموو ئەمانە پرسەی بزوتنەوەکەی گەی بە بەرژاوەندی ئەمریکا نەك ڕەژاوا. هاوکاتیش دەرکەنکردنی پێیدە، یاخود فەرامشکردنی ئاوەی کە مانەوەی ڕەژاوا بەستراوە بەمانەوەی داعشاوە بە تایبەت پاش نەبوونی کەمکی نەونەتاوەیی و ڕوونەدانی ڕاپەڕین لە وڵاتانی دەروودراوسێ، کە هەر سەرکەوتنەك بەسەر داعش-دا نزیکبونەوەیان بوو لە لەواری قەبر.

بەم شاوێیە پێیەد ئاوەندە بەهێز و گەورە بوو هاوسەنگی خەی لەتەك تەقدەم و ئیدارە خەسەرییەکە، لەدەستدا، ئێدی گەانەوە بە خودی خەکەکەی لە بەیارە گەورە و یەکلایکەرەوەکانا، هەرگیز بە خودی خەکەی ڕەژاوا،ڕەوانەبینی.
هەموو ئەمانە هەر وەکو چەن داعش-ی لاواز کرد، پێیەدشی لە ڕوی پێگەی کەمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەوە لە ڕەژاوادا لاوازکرد. ئێدی ئاو هاوپەیمانییە بە بەند و مەرجەی کە پێیەدە لەتەك ئەمریکادا بەستبووی، لە هەفتەی پێشودا هەرەسی هێناو ڕەژاوای بەرەو ئەم بارودەخە برد.

وەکو لەسەرەو وتم چەند هەکارێکی سەرکی هەبوون لەبردنی ئۆژاوا بەرەو ئیستای، بەڵام سەرکییەکیان هەکارە ناوخۆیی، یا ناوکییەکە بوو. ئەوەش پێدەچوو کە سیاسەتی هەڵەی نەخشە دەکێشا جگە لە سیاسەتی " نە ئاشتی و نەشەڕ" لەتەك سوریادا کە سیاسەتێکی زۆر سەرکەوتوانە بوو. کە تەماشای ئەزموونی ناوچەکە بگشستی و کوردیش بە تایبەتی دەکرێت ئەوە دەبینیت بە ئەوەی هەر گەلێك شکستێك بهێنیت، ئەوە پێویستت بە حیزبەکە. بەواتایەکی دیکە لە پشتی هەموو شکستێکەوە حیزبێك خۆی مەڵاس داوە.

لە ئیستادا ئەوەی کە کوردان و پێکهاتەکانی دیکە لە ئۆژاوا هووبڕووی دەبنەوە قەکردنیانە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە هیچ لایەنگیش ناتوانێت بیوەستێنە گەر بیشوەستێ، درەنگ دەوەستێ ، کاتێکە کە کار لەکار ترازاوە و کارەسات قەوماوە. بۆیە لەو دوو بژاردەی سەرەوە " قەبوون یاخود شازشکردن" بژاردەی سازشکردن بە خاتری قەنەکردن لەم بارودۆخدا، بژاردەیەکی ژیرانەیە. ئەگەر وتنی پێدەڵێتك سوریا بە نەوەندگەریی ڕوسیا، تاکتیکەکی زۆر چاکە کە ئاراستەی شەڕو بارودۆخەکە دەگۆڕێت. لەبەر ئەوەی کە پێدەڵێ پگەیەکی لاوازەوە ئەو ئەگەر وتنەی کردووە، ناتوانین پێشبینی بدەستهێنای زۆر داخوازی بکەین و پرسی کۆنفیدرالیزمی دیمەکراتیك و ئیکەڵەجی و کەمووندکان و ئەوانی تر دەبنە خۆن . بەڵام لە ئێستادا میللەت لە قەکردن دەپارێزێت .

هاوکاتیش من پێشبینی ئەوە دەکەم کە ئەگەر وتنەکە دەبێتە ڕاستانی شەڕەکە چونکە زەحمەتە ئەگەڕ بە شەڕی نێوانی تورکیا و سووریا بدرێت، پێشبینی دوەهەمم، بەردەوامبوونی شەڕەکەیە کە ئەو کاتە پەدەچێت خەپیشاندان و ناڕەزایی ومانگرتن لە تورکیادا دروستبکات و ئەمەش ئەنگە ببێتە هۆی ڕاخاندنی حکومەتی ئاکەپە .
بریا پارتی دیمەکراتی کوردستانیش لە 1975 دا بژاردەی قەنەکردنی کوردی هەبژاردایە لە بری بەرژەوەندی خۆی و ئاغا لەکانی جیهانییەکانی، هەروەها یەکێتی نیشتمانیش، بزوتنەوەی کوردی دروست نەکردایەتەوە میللەتیان بە هاوکاری بەعس بە قەدان نەدایە هەم لە دەخی شەڕ و هەم لەدەخی ئاشتی ئێستاشا.

15/10/2019
Zaherbaher.com

ژانری سایکۆ لە سینەمادا … و : شوان عەباس بەدری

لەم ژانرە سینەماییەدا کاروکاردانەوەکانی کارئەکتەری سەرەکی فیلمەکە دەبێتە
هۆی خوێقاندنی کۆمەڵێ هووداو و بەسەرهاتێکی جیاوازی هەمە چەشنە و
یەتمی چیرۆکی
فیلمەکە بەرەو سینەمای هووداوی و ترسناک و تێک هەڵکێش هەنگاو
دەنێت هەر لە بەر
ئەمەش دەتوانین ژانری سایکۆ بە ژێرخانی ژانری ترسناک و دەخڕپە
پێناسە بکەین .

ژانر چییە ؟ لەنێو ئەو هەموو فیلمە سینەمایانەی کە لە سەر
بناغەی ژانری
سایکۆ بەبەرهەم هێنراون دەتوانین فیلمی (سایکۆ
) ی ئالفرید هیچکۆک کە لە ساڵی 1960
بەبەرهەم هێناوە بە پێشەنگ و بناغە دارێژەری ئەو جۆرە فیلمانە
ئەژمار بکەین .

لەم فیلمەدا کەسایەتی سەرەکی فیلمەکە بە ناوی (نۆرمەن بیتس) کە
کەسایەتیەکەی لەلایەن (ئانتۆنی پرکینز) ەوە بەرجەستە دەکرێت و
کەسێکی دەروون شێواوە
و بە دەست نەخۆشی دەروونییەوە ئازاردەدەن ، (نۆرمەن) گەنجێکی
تەمەن 30 ساڵێ و
مەتەڵێک بەرەو ئەبات وڵەبەر ئەوەی بە هووکێش هیچ جیاوازیەکی
لەگەڵ کەسێکی
ئاسایدا نییە کەس ئاگاداری ئەو دەخۆ
دەروونیە شێواو و پێشکاوەی نییە بۆیآم لە ڕاستیدا (نۆرمەن) لە
دوای مەرگی دایکی
دووچاری شۆکی دەروونی بووە و نالەبارییە دەروونیەکەی گەیشتۆتە
لووتکە و تۆنانێت

جەستەی دایکیشی لە ژوورەکی پشتەوەی هوتێلەکە بە بە ئەوەی بینێژە شاردەتەوە .

هەروەها فیلمی (شاتر ئایلەند) ی مارتین سکۆرسیزی دەرهێنەر یەکێکە لە فیلمە
بەناوبانگەکانی ناو ئەم جۆرە ژانرە سینەمایییە ، لیۆنارد دیکاپریۆ کە مارشالێکی
ئیالەتییە هەڵدەستێت بە کووشتنی هاوسەرەکەی و دوای ئەو تاوانەش دەخرێتە
ژێرچاودێری پزیشکی و چارەسەری دەروونیەوە بەڵآم ئەو هەرگیز ناچێتە ژێرباری قبوڵ
کردنی ئەو تاوانە و هەشتا خەی با پێداریکی بەرزی ناو پۆلیس دەزانی .

لە فیلمەکانی دیکەی ئەم جۆرە ژانرەدا کاروکاردانەوەکانی کارئەکتەری سەرەکی
چیرۆکەکە نابنە هەی کووشتن و کاری تاوانکارانە بەڵآم ێیتمی ەوودااوەکان بینەر
ەووبەووی چەندین بابەتی دەروون بەریشانە دەکاتەوە ، بە نمونە فیلمی
دەروونناسیانەی (سەرتا) ی کریستۆفەر نۆلانی دەرهێنەر یەکێکە لەو جۆرە بەرهەمانە.

لە هەندێک فیلمی دیکەی ژانری
سایکۆدا ناوەرۆکی فیلمەکە بە گشتی لە دۆری کارئەکتەرێک دەخولێتەوە کە لە ئەنجامی
چەند دەخێکی دژواری بە زەر بە سەردا سەپێنراو و لە ەی ژمارەیەک کورتە ەوداوی
جیاوازەوە کەسەکە کەم کەم دوچاری دۆڕان شێواوی و نالەباری دەروونی دەبێتەوە.

گەر لە فیلمی (سایکۆ) ی ئالفرێد هیچکۆکدا کەسایەتی (نۆرمەن) هەر لە
سەرتاوە خاوەن کەسایەتییەکی ناهاوسەنگ و لەوانلەوە لە کەشە و تەنگژەی دەروونی
مەترسیدار ئەوا لە فیلمی (دڕۆشنەوە) ی ستانلی کۆبریکی کەچکردوو کارئەکتەری (
جاک تەرنس) کە (جۆک نیکلسۆن) ەەەکەی بەرجاستە دەکات هەنگاو

بە هەنگاو و بە پێی
ووداوەکانی ناو فیلمەکە دووچاری نالەباری دەروونی دەبێت و
دواجار هاوسەنگی هزری
خۆی لە دەست ئەدات .

نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە ژانری سایکۆ یەکێکە لە سەختترین
ژانرەکانی ناو
سینەما و لە ڕاستیدا بە بڕەهەم هێنانی ئەم جۆرە فیلمانە ئەوا
دەبێت سیناریۆیەکی
بەهێز و قوڵمان هەبێت کە بە باشترین شێوە کورتیلە چیرۆک و
ووداوەکان پێکەوە
ببەستێتەوە و لەژیکیانە باس لە کەسایەتییەکان بکات و سیناریست
و نووسەر و دەرهێنەر و تا ڕادەیەکیش ئەکتەرەکان شارەزاییەکی
باشیان لە بواری
دەروونناسیدا هەبێت .

یادداشتی نەوان پەنجەکانم کە هەمیشە غلۆر دەبنەوە … ئەحمەد حاجی سامی

(مرۆڤ دەیهەوێ لە ناخۆشییەکاندا تەنها نەبێت. هەمیشە حەز بەوەدەکات، کەسێکی دیکەی لەتەك بێت. چونکە هەموو ئازارێك پێویستی بە دووبارە گەڕانەوەیە بۆ خوود، ئەو ئازارەی هەمیشە ویستووتە کەسێکی تریش پێی بزانێت).

بیرکردنەوە لە ژیان، بۆری دەوێت. لەناو ئەو هەموو باڵەخانە شوومەدا، ترسم لە ونبوونی خۆم هەبوو. بەڵام لە ژێر سێبەری باڵەخانەکان ونبووم. سەیری ئەو ژوورانەمان دەکرد، کە پەنجەرەیەکیان نەبوو با بیگاتێ. دەلاقەیەکیان نەبوو تەنهاییم هەبواسێت. کەچی من بە زەینی ئەو گوندژانەی پیرتربوون لە با، دڵندەتربوون لە بومەلەرزەکان و تۆفانەکان و هەشەباکان، بانگی مەرگم کرد. لە لێوارە خامۆشەکانی قەراغ دەریا، چاوەکانی خۆم

نوقاند و پەنجەکانم ناشت. کە تۆ یادداشتێکی و لە نێوان پەنجەکانم جێگەت نابێتەوە.

کە گەیامەوە، لە هەوەڵین لاپەڕەی لەدایکبوونەوەمدا، دایانی خۆم بەو ئەستێرانە نووسییەوە، کە شەوێك بە ڕووناکییە درێنەکانی گومانای کردم و چاوەکانی لێ سەندم. بەڵام من گوێم بەو دەنگانە نەدا، کە لە ئاسمانەوە دەهاتن و وێنەیان بۆ دەکردم. گوێم بەو فریشتانە نەدا، کە دەیانگوت: "مرۆڤ بۆ شکست بەدینەهێنراوە". نا .. من گوێم بە نووزەنووزی کابووسەکان نەدا، کە بەسەر کێپەی ئاگری سینەمەوە، بتەکانیان سەرخۆش دەکرد. چونکە تۆ لە هەچەڵەکی ئەو فریشتەیەیی، تاریکترە لە من. پیرترە لە من. خەمگینترە لە من.

وا بیر مەکەوە ئومێدێك نەماوە بۆی بژین! با وەك تارژەنگی خەمگین و سزانییەکی پیر، سەرینەکانمان بگۆڕینەوە. جگەکەمان بۆ ئاگر و کێپە پاکەکانی دزەخ جێبهێلین. با ئەمڕۆ لە بیر بکەین و بیر لە داهاتوو بکەینەوە. هەنگە ئیدی بەیانییەك نەبێت، کەلەپچەکەی دەستمان داکەنین و کێنووش بۆ ژیان بەرین. وا بیرمەکەوە لە کۆتا ساتەکانی ژیانماندا ین. کە من نە عەشقم ماوە پێتی بفرۆشم، نە وەسیەتێك لە دوای خۆم جێدەهێڵم. ئەگەر لە دوای ئەو ژیانە، ژیانێکی تر نەبێت، ئەو ژیانە نادادپەروەرانەیە. کە ئێرە، شوێنی پەزمەندەکردنی فرمێسکە وەریوەکانی خاك و هەناسە شەهیدبووەکانی ناو بایە.

لەو کەرنەڤاڵی مردنەدا، بەدگومانم لە هەموو حەرفەکانت. شکستەکانی خۆم دەگێڕمەوە و خەونەکانم کێدەکەمەوە. ئەو خەونانەی مزگێنی گەیشتنی من بوون؛ بەو دەریایانەی بەڕۆژوون لە خنکاندنی پەپولە ئالوودەبووەکانی نێو ئەو نەسیمانەی بەسەر ئۆقیانووسە دوورەکاندا، مۆسیقا کێدەکەنەوە. من بەسەر ئەو شەوانەتدا هاتمەوە، کە پەنجەکانی خۆت دەناشت. کە گوێت بۆ شەوەکانت هەڵدەکەند. کە مەقامت بۆ ئایندەمان دەژنەوت. بەڵام من گەیامەوە دزەخ و جێ پەنجەکانی تۆم نەدزییەوە. چونکە ئەوەی شەو لێماندەبات، ئایندەمانە. ئەوەی دزەخ لێماندەستێنێت، ئازادییمانە. کە تۆ لە جنسی بروسکەکان و گژاوەکانی هەقیقەتێکی ڕەهای، من شەو لەگەڵ ئەو تارماییە بچووکانە دەکەم، کە ڕوناکییان لێ دزین. کە تۆ شیرەخۆری مانگ بوویت و من لە ئاسمانەوە؛ میراتە بەجێماوەکانی هەور و بارانم کێدەکردەوە. کە هەموو شتێك وەهمبوو. کە کۆتاییەکان تەنها جیابوونەوە بوو.

ئەمە کە لە خەیەمشییەکەی خەمان دروستبووینەوە، بە عەرعەر ئەو شەوانەمان شاردەوە، کە گوناهەکانمان تێلاوەت دەکرد و دەپاڕاینەوە .. بەڕام منی شەکەت و ماندووی ناو ئەو جەنگە – کە ژیانە – ویستم تەنهایی خەم بسووتێنم. ویستم سەودای برینەکانم بکەم و بە مردنێکی تر، ئەو یادداشتانەت بۆ بنووسمەوە: کە بەهەشت دەرگەکانی خۆی لەسەر من دادەخات و دۆزەخ نامگرێتەوە بە لاشەیەکی زیندوو.¬¬¬¬¬¬ کە من سزای ئەو ئازانەم وەك ملوانکەیەکی زێڕین، لە مل دەکەم و فرێ دەدرێمە بەردەم پاشماوەکانی بەهەشت. بەڕام بیرت بێت، ئەوەی لە نێوان پەنجە جوانەمەرگەکانی منداغلاربووە، تۆ بوویت .. کە لە یادداشتێکی هەش و برینێکی ئەبەدی و فانۆسێکی کوژاوە، زێتر نیت. تۆ کە بایەکی تووڕە و پەتێکی پساویی؛ لەو مەیدانانەی کە عاشقان فەنا دەبن و چیدی هەگری مەم و دەفتەر و شیعر نابنەوە.

من وەك کاغەزێك بۆ تەنهایی ئەو ئازانەت سووتام، کە لەناو بەلەمێکی کوندا، قەوزەکانی دەریات بەسەرکردەوە و دەستت بەسەر تاشە بەردەکان دادەهێنا، بەغیلیت بەو شەپۆلانە دەبرد، کە بەڕووابردوو کێشیان دەکردی. بەڕام من بێزاری خەمم؛ بە خەر و پشنگێك لە زووڵمەتدا ئاواکرد. کە من عەودالی سفرەی سیحربازەکان و کابووسی سەرکەکان و جانتای پەیکەرەکان و مەرەکەبی لافیتەنووسەکان بووم. تەیش کە لەو سەددەی ئازبەتەدا، چیدی مرۆڤ نیت، بۆوا بە پشبینییەکانی داهێبێکی دەندە مەکە، کە سوێندی بە ئابردوو خواردوە و باوەی بە داهاتوو نییە. ئەمە هەرچەندە گومڕا بین، ئازێك بەو مەهرەبانییە هەیە دەگەین، ئەوکات دەستەکانمان پێ دەکەین لە نوێژی بەجەماو لە منداڵیماندا. لە دووعای دووبارە و کوشندەی تەنهاییماندا. چونکە دەنگێك لە یادەوەرییمان دەلەرێتەوە و ئەو خەرە ئەسیرکراوەی سینەت هەدەمژێت، کە قەنکە لەنوان پەنجەکانی منداغلاربووە. کە تەیش هەمیشە لە نوان پەنجەکانم دەکەوتی. کە هەمیشە لە نوان پەنجەکانی منداغلاربووە. کە هەمیشە لە نوان پەنجەکانم دەکەوتی. کە هەمیشە لە نوان پەنجەکانی منداغلاربووە. نامەکانی خێت بە شەمەندەفەرێکی هەتاهەتایی دەسپارد و بەسەر فەرشی سوور و قەترانی هەشی وندا، دووکەڵت ماچ دەکرد. کەوایە ئەمە لە فیتنەگاەکانی ئاگرین. ئەمە لە سەرخەشەکانی جەهەنەمین.

ئەی پەجوو .. بە یادی تۆ، دڵەکان ئاغژەن دەگرن. ئەو فیراقە، ئەو دنیایە، سەبەتەیەك شەهوەتە، لە خەنەی دەستی ژنێك؛ ژیان هەنگ دەکات. مارەییت، جیابوونەوەی دوو دڵ بوو، لە دڵەقییەکانی ئارە. کە بەیەکگەیشتنی من و تۆیان، کردە هیوایەکی چنراو، لە تەونێکی

مژووی. له ڕۆژگارێکدا پەیامبەرەکان لەسەر پشتی فریشتەکانەوە، گرەویان لەسەر پاکێتی تێ دەکرد، من وەك پیاوێکی دێندە، بە گاڤی ئاواوە ڕۆم دەکرد. بەڵێ، ئیدی کاتیەتی شیعر و پەنجەکانم، لەو ئاسمانەدا بنێژم، کە تاعونی بەسەر دەباراندین. بەسەر ئەو خاکانەدا بفڕم، کە تیری لە حیکایەتە سپییەکانی منداو چیدی نەبوومەوە مرۆڤ. چیدی پەنجەکانم بە شیعرم پیس نەکردەوە.

ئەو کارخانە گەورەیەیی کە مرۆڤی گەمژە بەرهەمدەهێنێت، لە سووچێکی ئەو دۆزەخەدا بە عەشق بەندمان دەکات. چونکە کۆمەڵگە هی ئێمە نییە و ئێمە لە دەرەوەی کۆمەڵگەین. من تەپڵکەیەکی با بردوو، کراسە خۆناوییەکەم خاوێن مەکەوە و بمخەرە ناو تابڵیەکی خێت. کە من لە تەرمی باڵندەکان و لاشەی درەختەکان و جەستەی ئاگرینی دەرگاوانەکانی جەهەنەم، هەنگەکانم بۆ تەفسیر کردی. کە من بە ووخساری هەشی خەمەوە؛ بەناو زیندانەکانی مەرگدا غاڵربوومەوە و دواهەمین سووڕەتم بۆ خوێندیەوە: دروود بۆ تەنهایی و نەفرەت لە سوێندە جوانەمەرگەکانی سەر لاشەت. من وەکوو هەبەنگی تەنیا، بەسەر خامۆشی ڕۆژگاردا چەقیم. ئەو ڕۆژگارەی ناپاکی لە ئابردوومان کرد و تەنهای کردین. ئەو ڕۆژگارەی فریویداین و نەمری بە بڕینەکانمان بەخشی.

ئەو ئێوارەیە، هەموو لە خۆتان جێتان دەبێتەوە، من نەبێت. هەموو لە خۆتان هەڵدەگەڕێنەوە، من نەبێت. هەموو لەیەك دەچن، من نەبێت. کە لە زەخرەفە و تاریکیی و خوێن دەچم. من کە لە سێبەری شەودا قەڵەنسەکانم ماچ کرد، لە قەفەسێکدا زیندووبوومەوە، مۆڵکی خوداکانتان بوو. کە هیچ خوایەك لەسەر زەمین بوونی نییە. جگە لەو خوایەی لە ئاسماندا، باوەشی بە حەرفەکانمدا کرد و زمانی بڕیم.

سروودی من و وەرزی تۆ. دۆزەخی من و زیندانی تۆ. بڕینی من و سوێندی تۆ. تەنهایی من و پەنجەکانی تۆ. شەوێك دەستی تۆ و پەیکەرەکانت دەگرم. بە سروود و دۆزەخ و بڕین و تەنهاییەکەی خەمت، ئاشنا دەکەم. شەوێك خەڵەمێشییەکەت دەکەمە دیاری هاتنەوە پایزێکی تر و خەزێنەکانی تاڵاندەکەم. وەك فاحیشەیەکی دووڕوو، بە وەرز و زیندان و سوێند و پەنجەکانت شێدەبمەوە. کە قیامەت دێت و لەیەکتر جیاماندەکاتەوە. کە تۆ لە فریشتەکان ماڕە دەکرێت و من لەزەمهەریردا، دەستی شەیتانێکی بەجێماو دەگرم. کە قیامەت دێت و یەکتر نابینینەوە.

لە جەنگێکدا، کە سەودای جەنگاوەرە شەکەتەکان دەکەم، مس بەسەر

لافاوەکان دەبەخشمەوە. زۆر بەسەر گیاکان و ئاگر بەسەر لەنگەرەکان بەشدەکەم. بەسە، من ئیدی مەرجانەکانی ناو دەریاتم خۆشناوێت، کە وەك شەقاوەیەك دەردەکەون. ئیدی بێ دواجار حوورمەتی دواهەمین شەوی مەستت دەگرم و دەڕۆم. ئەی ستوونێکی بێاو لەو زەمەنە پلاستیکییەدا، من لەو شیعرانە تێناگەم کە تێ دەیانخوێنیتەوە. حەز بە بایانە ناکەم، کە شەڕانگێزییەکانی خۆتی تێدا دەشاریتەوە. وەك ئەو ڕاوچییە سەرسەختە مەبە، کە قولاپێکی لە ڕۆح و قولاپێکی لە کەمەرم چەقاندوە. وەك ئەو سیمرغە مەستە مەبە، کە تاڵە تیژەکانی لە سینگمدا کێکردەوە. من مرۆڤێکم لە حوزن، لە گۆرانی، لە ئایین، لە شیعر. تێیش کە مرۆڤێکی حەزینی، خەم بێ ڕابردوومان مەخۆ، کە ئێمە پێیەکمان لە ڕابردوو و پێیەکمان لە داهاتوودایە. ئەو خۆئەشکەنجەدان و شەونخونی و دابڕان لە دنیای ماددییە، تاکە ڕێگەی نزیکبوونەوەیە لە خودا. ئەی ئاگر .. خەم مەخۆ، ڕۆژێك ئەوانە کۆتایی دێت و دەبیتەوە مرۆڤ. کە تێیش دەستت بە پیرۆزییەکانی درەخت و گەڵا مەست کردوە، لە ئێقیانووسەکان یاخیبووییت و خیانەتت لە بەلەمەکان کرد. نەکەی بە خەونی ڕەش و ئاڵۆزی شاعیران هەڵخەڵەتێی. بەخشندەبە و تەنهایی من پینە بکە، کە لە نێوان پەنجەکانم غارێردەبییەوە و شیعر دەرگەکانت لەسەر دادەخات. تەواو من چیدی شیعرم خۆشناوێت.

ئەوەی سواغی ئازارەکانی ئێمە دەکات، پێکەنینە .. هەرچەند تووڕەبین، هەردەبێ هەور ببینەوە. هەرچەند دوور بڕۆین، چارەمان نییە دەگەڕێینەوە. هەرچەند بنووسین و هەرچەند هاوار بکەین، ناتوانین نەمرین، چونکە عاشقان هەرگیز ناگەن بە نەمری. هەرچەند بەهەزبین، دواجار لە نێوان پەنجەکان غارێر دەبینەوە. ئەی ئەفسانەیەك، کە هەرگیز بوونت نەبوە، چەرچەفەکەت لە دەستەکانم قوفڵ مەدە، لێگەڕێ با پێکەنین ببڕێتە سواغی ئازارەکانی ئێمە.

ئەحمەد حاجی سامی – 2019

هەنگاوەکانی تارماییەک … شوان عەباس بەدری

لەم دارستانە هەگبەی دڕباز بوون لە کوێیە ؟
بڕۆ کوەوە هەنگاو ئەنێم ؟!
من لە کام گۆشەی ئەم شەوە
لە سەر گۆڕەی کام داری تەنیای
نەو ئەم تولە هێیە پە لە جەنجاڵە
وەک شەونمەک دڵەپەم کردووە ؟
بە دیار قاسپەی کام خەونەوە
سەرخەوەکم لە گەڵ تەنیایی‌دا شکاندووە ؟
حەقیقەتی ژیان منی لە ناو
جەنگەڵەکی پە لە هووباری درۆ و
پانتاییەکی پە لە خیانەت و
قەدپاڵەکی پە لە دەماماک
یەخسیر کردووە و
لە ناو بازنەیەکی تەژە لە
گومان ئەخولەمەوە !
جار نا جارە بە خەم ئەژەم :
خەزگە هەورە تریشقەیەک بوومایە
تا بە جارە بە گرمەیەک دڕوونم بەتاڵ بەتاڵ بکردایە
لە برینەکانی قامچی تەمەن
خەزگە شەکرەکەیەک بوومایە
بە دەست منااڵەکی بەرگ دادەاوی بە لانەوە
تا لە گەڵ هەموو مژەکا
لەوەکانی تامی ژیان لە یاد نەکەن
خەزگە ئومێدەک بوومایە
لەناو دەی گەردوونەکی تاریکی تەنیاکەوتوودا
خەزگە خودا بوومایە
تا بە جارە شەگەی سەربازەکانم هەشن بکردایە و
پەم بوتنایە : هەڵەبجە کەرینە
ژیان لەوە گەورەترە تا بە کورسییەک
خوەن بەژن و
لەوە بچووکترە تا نیشانەک لە سەر سنگتان بە ناوی ئازایەتییەوە
هەواسن و

لەو پووچتر
تا وەک ئایەک
خەون بە ئازادی خاکەوە ببینن !
ژیان جگە لە چیرۆکێکی تراژیدی
سواغ دراو بە کۆمیدیا هیچی تر نییە .
لە جیاتی نیشان لەسەر سنگتان
وێنەی بۆچکە ئاسکێک هەواسن و
لە جیاتی سەمفۆنیای تۆپ
گوێچکەکانتان بە ئاوازی کەناریەک سووز بکەن .
دەمو غروب
لە کەنار دەریایەک
جگەرەیەک داگیرسێنن و
باوەش بە گەرمی لما بکەن .
گەرانی بە شەپۆلی ئاو بەن
بە دیار هەورەکەوە
لای لایەی خەون و خەیاڵ بەنەوە و
کەڵە پشتیەکانتان پێ بکەن لە
خەندەی سبەی و وەک دیاری بەسەر
منااڵە ئاوارەکان بیبەخشنەوە
بەنی ئۆقین لە هەناسە دامەماڵن
دەی پیرە زەوی بە ئاوازی مەرگ و مەتەکەی وەرانی مەنجەنن !
ئاااااااڵە ئەی دارستانی تۆژی لە
خوێن و غوربەت و ئاو
منی ماندوو
بە دەرباز بوون بەرەو کۆوە هەنگاو بنەم ؟
بەرەو کۆوە هەنگاو بنەم
کاتێ ئاگەکان بە کلیتەکی داڕزاوی پێ لە کابووس و غوربەت و کێچ
کەتاییان دێ !
بەرەو کۆوە هەنگاو بنەم
کاتێ ئایندە بە چەقۆیەکی کول سەر بڕاوە ؟!
بەرەو کۆوە هەنگاو بنەم
کاتێ ئەزانم مرۆڤ
لەناو زەمهەریری نائومێدی قەبەست کراوە !
بەرەو کۆوە هەنگاو بنەم
کاتێ بن بەستێک بە ناوی
م
ی

ر
گ
ێی لێگرتووم !

ئەم سێ شیعرەم خوێندەوە … لەتیف بێوار

……
جوانی ماڵپەری سەنگەکان لەوەدایە کە موفاجەئەی لەلایەو لەپێکدا ناوی شاعیرانی وا دێنێتەوە یادو بەرهەمەکانیان پێشکەش دەکات کە سەرساممان دەکەن بە بڵدەنگییان، بێ نموونە شێعری (میری مەرەکەب) … ئەمین بێتانی، کە وەك دیاری بێ گیانی عەبدلغەنی بێتانی نووسیویەتی، بەشێکی یادەوەریی جوانی خێیانە، بەشێکی تری باسی جوامێری ئەو خامە بەدەستە کوردپەروەرە دەکات، بەشێکیشی ئاخ و حەسرەتەکانی شاعیرن کە لەگەڵ خەمەکانی رەحمەتی (غەنی) دا یەکدەگرنەوە، بەڵام ئەوەی جێی باسە لێرەدا و سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت توانای شاعیرێتی شاعیر ئەمین بێتانییە، کە زۆر قەشەنگ و داهێنەرانە وێنە شیعرییەکانی داهێناوەولەمەشدا چاوی لەکەس نەکردووەو خۆماندووکردن و هزرکردنیشی تێدا دەخوێنرێتەوەو هەڵهێنجراوی زادەی بیرو ئەندێشە شیعرییەکانی خێیەتی وەك دەڵێت:
هەرچی هێلکەی فڕین هەیە
دەیگرنە بەرسیلەی مراز.
لێرەدا وێنەیەکی قووڵی شیعری پەلکێشی مانایەکی تازەمان دەکات بەوەی دەزانین کە باڵندە لە هێلکەیەو دەفڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە نەتروکاوی ئامادەین بیگرینە دارمێوەکان کە بەرسیلەیان پێوەیەو پاشتر ترۆمان بێ دەگرن، هەم هێلکە نەتروکاوەو هەم بەرسیلە پێنەگەیشتووە، ئەمەش پەلەکردن وناکامێی دەردەخات لە پێناو گەشتنە ئامانج کە بڕگومان کەسانێك بەو جۆرە تێدەکۆشن.
……
یان لە بەشێکی تردا دەڵێت:
لەتەك سەبەتەی چاوەڕوانیی
خەریکە مێوژی ئەمەل دەسکێ؛

چەند جوانە بردنە لای سەبەتە بۆ چاوەڕوانی، ئەمە وێنەیەکی شیعریی داهێنەرانەیەو خوازەیەکی تازەیەو شاعیری تری پەی پێنەبردووە، مەووژیش لێرەدا مەووژی ئاسایی نییە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ پێگەییننی هیواو بەڵکو لایرەدا وشك بوونیشی قۆناغی دوای کامڵبوونە، کە دەگەێتەوە بۆ بەرسیلە کە پێشتر شاعیر باسی کردو پەیوەندییەکی جوان پێکەوەیان دەبەستێتەوە. یان کە پاشتر دوو پارادۆکس لە یەك کۆپلەدا کۆدەکاتەوە وەك: (زەهری گومان) و (شەکری یەقین)،
.....
لێرەدا دەتوانین بڵێین هەرچەندە ئەم کۆپلەیە وەك لاواندنەوەیەك وایە و تاڕادەیەك سادەیی و پیاهەڵدانی کەسی پێشکەشکراو دەردەخات و هەر ئەمەشە ئامانجی شیعرنووسین بۆ کەسێك یان مەسەلەیەك یان ڕووداوێك ؛ کە تیایدا هەر زەقکردنەوەی ئەو بابەتەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕەوانبێژی و ئیستاتیك بەهێند گیراون و ببینن چۆن کاسەوکەوچك کە هۆکاری تێربوونی برسییە و بە هۆی دادپەروەرییەوە ئەو یەکسانییە دێتە دی، لێرەدا وەك زۆر لە نەهامتییەکانی میللەتی کورد هێزی شەڕ کاولی دەکات و ناهەقیەت بەرقەرار بێت تا مرۆڤەکان بە ئاسوودەیی و یەکسانی ژیان بکەن، لەگەڵ ئەمەشدا دەیتوانی (فەقیری بکات بە هەژاریی و ئەمەل بە هیوا) و بەڵام هێشتا سادەیی و ڕەکیکی لەم کۆپلەیەدا دەردەکەوێت، جگە لەوەی دەبوو بینووسیاە (ئەو هەموو فەقیرە)نەك ئەو هەموو فەقیرییە) چونکە لە دەربڕیە ڕاستەکەی زماندا ئەوە فەقیرە کە دەخەوێت نەك وەسفی فەقیریی..
بەڵام ئەم سەرنجە بچووکانە توانای شاعیرێتی شاعیر ناشارێتەوە.
کاسە و کەوچکی عەدالەت
بە سەمای ئەهریمەن
ورد و خاش..
ئەو هەموو فەقیری یە
چۆن خەوی لێ دەکەوێ غەنی؟!،
لە هیچی بەلاش.
بۆ من خەریکی نووسینم؛
کاتم نیە بۆ خوێندنەوە!!!؛
.....
لەم کۆپلەیەی خوارەوەشدا ئەو ئامانجەی پێشتر شاعیر باسی لێوەکردو لای کەسی پێشکەشکراو جێی گرنگی بوو لێرەدا زیاتر بە شێوەیەکی زەق و ڕوونتر دەخرێتە ڕوو و خوێنەر بەرچاوی ڕوون دەبێت کە کرێک و سەبجێکتی شیعرەکە دەربارەی چییەو هەروەها بەبەشێك لە ژیانی (غەنی) ئاشنا دەبین و لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر کارامانە توانیوویەتی دەست بە بەلاغەی زمانەکەیەوە بگرێت و هێندە نزمی نەکاتەوە هەر وەك

قسەی رۆژانە بخوێنرێتەوە، ببینن چۆن لە کۆتاییدا چەند جوان ئەو بەرز دەکاتەوەو تیشك دەخاتە سەر بەشێك لە موعاناتەکانی کە باسی (سەرو هەندرۆن) و (قاچ و سەفەر) دەکات:

پێم بڵێن کورد چی بەسەر دێ؟
کوا تەعقیبی خەبەری کورد لەو؟!
ئەو لە مووسڵ
داد و بێدادی بوو
بەدەست وادی حەجەر و دیجلەوە،
هەمیشە
سەری لای هەوری هەندرۆن و
قاچەکانی لە نێو گیرفانی سەفەر،

لە راستیدا ئەمە شاعیری باشی ناو ونمان هەن و جارجار لێرەو لەوێ بەرهەمێکیان دەردەکەوێت و ئەمە وەك خوێنەری شیعر بەدوای ئەو دەنگانەدا دەگەڕێین و ئاواتەخوازین ئاوها داهێنەرانە بنووسن و رەسەنایەتی بێ شیعری کوردی بگێڕنەوە، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە جارێکی تر خۆی زەق دەکاتەوە کە وەکو رەخنە لە (بونیاتگەریی)گیرا بەوەی ئایا چۆن دەق لە هەموو هێکارێکی دەرەکی دابڕێین، ئەی چۆن لێرەدا دەتوانیین بە تەواوی لەم دەقە تێبگەین گەر نەزانین مەبەستی شاعیر لە(عەبدولغەنی بێتانی) کێیەو چۆن ژیاوەو چ کەسایەتییەکی هەبووە؟ چ پەیوەندیی و کاریگەریی لەسەر شاعیر بووە کە بووەتە هۆی ئەوەی شیعری بێ بهانتەوەو لە یادی نەکات.

.....

دووەم شیعر کە لەسەری دەوەستین : " پاساپارتی سەفارێکی نامێ " … شەونم زەندی یە، ئەم شاعیرەش دەنگێکی بزربووەو تەنانەت گرنگترین پرسیار لە دوای خوێندنەوەی شیعرەکە لای من دروست بوو ئایا بۆچی دوای 20 ساڵ ئەم شیعرەی بیاوکردەوە؟ ئایا مانای وایە بابەتی شیعرەکە هێشتا گەرموگوڕە کە موعاناتەکانی ئافرەتی کوردە لە کەمەگای کوردیدا و ئەوسا نەیتوانیبێت بیاوی بکاتەوە یان ئێگر لەبەردەمیدا هەبووبن؟ یان شاعیر دەیەوێت وەك یادگارییەك و بۆ حەزو ویستی خۆی ئەو ئەرشیفە هەبداتەوە، یان چی تر شاعیر ئێستا شیعر نانووسێت و شانازی بەو شیعرانەوە دەکات؟

بابەتی شیعرەکە باسی یاخیبوونی ئافرەت دەکات لەو قەدەرانەی بەسەریدا دەسەپێنن، بەڵام زمانە شیعریەکەی جارجار دەبێتە دروشم و سادەبوونەوەو نائیستاتیکی، بەڵام وێنەی جوانی بەکارهێناوە هەرچەندە زۆر سەرنجڕاکێش و تازە نین، وەك دەڵێت:

بۆ دیار تۆرمی هیواکانتا
فرمێسکی سوور هەڵدەڕژی

بەی هیوا نابەرجەستەیەو تەرم بەرجەستەیەو ئاوهاش وێنەیەکی شیعریی تێکەڵ لە واقیع و مەجاز دەتەگەڵ، هەرچەندە زۆر نوێگەری لە خۆ ناگرێت و بەهیوایی لە ناخی گوێگردا دەوێنێت بەڵام هەوڵێکی شاعیرانەی جوانە بۆ گەیانەوەی شکۆ بۆ شیعر.
ئەو ئاوها لەم دەقە شیعریەییدا دەست پێدەکات:
دەنگێک لە ناخەوە : " ئەوارێیکی نامێیو" ،
هەموو شتێ لە بەر چاوتا .. نامێ دیارن …
هەر خۆتی و
لە نێو چوار دیواری ژوورێکەتا …
بە دیار تەرمی هیواکانتا
فرمێسکی سوور هەڵدەڕژی …و
هەدی هەدی …
بە سەر ئەم تەرزە مەرگەت …
چرکەکانی کاتژمێری عومری بەهار نادیوت …
دژمێری و میلی کاتژمێری ژوورەکەت …
بە ئاوازە خەمناکەکەی ناخت
هاوبەشی ئەم خەمەتێ …
.……
گەر تەماشایەکی ئەم کۆپلەیەی سەرەوە بکەین دەبینین لە دوای پیاچوونەوە دەتوانین زۆر زاراوەو دەستەواژەی زیادەی لێ لابەرین و پتەوترو تێکمەتری بکەین و هەمان ماناش بگەیەنێت، جا ئەمە کاری شاعیرەکانە کە چەندان جار بە شیعرەکانیاندا بچنەوەو یان نیشانی کەسی شارەزاتری بدەن و گوێ لە ڕێنماییەکانیان بگرن، لابردنی (دەنگێك لە ناخەوە) شتێکی باشە جونکە هیچ سوودێکی نییە لەوێدا، بەکو ئەو دوو دێرەی دوایی وتەی ناخ نین بەڵام واقیعێکن کە دەبینرێت، 2 جار وشەی نامێ بەکارهێنانیش لە دوو دێڕدا خزمەتی پتەوکردنی زمانی شیعر ناکات، پاشتر ئەوە دەربڕینێکی نادروستە کە دەڵێت: (بەسەر ئەم تەرزە مەرگەت) دیارە هەڵەی ڕێزمانی تێدایەو بەرەنجامیش مانایەکی ئەوتۆ نابەخشێ، هەرچەندە رەنگە خوێنەر بزانیت شاعیر مەبەستییەتی چی بێت! دواتر ئەم رستە درێژە تاقەتپڕوکێنە زیاتر بە داشتن دەکات و هیچ جوانیەك بە شیعرەکە نابەخشێت و هیچ هونەرێکی دەربڕین و زمانی تێدا نادرەوشتەوە، بەکو وەکو گەیانەوەیەکی ناهونەریی وایە:
چرکەکانی کاتژمێری عومری بەهار نادیوت …
دژمێری و میلی کاتژمێری ژوورەکەت …
لەپاشتردا زیاتر پەیامی شاعیر ڕوون دەبێتەوە کە ئەو بەدوای جوانکاریی شیعریدا نەگەڕاوە هێندەی هەوڵی ئەوەی داوە پەیامەك

لەژێر ناوی شیعردا بۆ خوێنەرانی سادەی هاوڕەگەزی خۆی بنووسێت و هانیان بدات تا گیانی جورئەت و ئازایەتییان تێدا بخوڵقێنێت، دەشکرا ئەم بابەتە بە گوتارێکی مەنتیقی و سیستماتیکی دابڕێژرێت و زۆر جوانتر ڕوونبێژی بە ئەو خوێنەرانەش بدات کە هەنگاوەکانی دەستپێکردن بەو گۆرانکاریی و یاخیبوونە چۆن دەبێت و چۆن تەنانەت دەتوانن ڕێکخراوە دروست بکەن و چالاکی جۆراوجۆر بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام بگەیەنن و رابگەیەنن، تا دوا هەناسەی شیعرەکە ئەم خاڵە لای شاعیر جێی مەبەست دەبێت و هەرچەندە سەرەتا بە گوتەی ناخی خۆی دەست پێدەکات، بەڵام ئاوها کۆتایی پێدەهێنێت:

.....

چ سەردەمێکە " کچی ناسەر "
لێ یا خی بوون ... بسووتمیەوە ؟
گەر ئەمڕۆ یاخی نەبیت ...
سبەی بێ شک ...نامێتر دەبیت ...

.....

ببە بە دەنگ ...
بە زریانی تووڕەیی ...
دنیا پڕکە بانگی سەربەستی
ورە بەرز ... هەنگاو بنێ ....
ببە بە ڕەنگ ...
بە " نیگای خەرێکی گۆش "
شەوی تاریک ڕاو بنێ .

ئەمە دەخوازین ئەم شیعرانە بەرواری تازەیان لەسەربووایەو نوێبوونەوەی ئەم زەمەنە تازەیەی لەخۆ بگرتایەو بە زمانێکی هونەری بەندتر بنووسرانایەتەوە، بەڵام ئیتر ئەو پرسیارە هەر لای شاعیرە کە خۆی وەڵامی بداتەوە ئایا هۆکار چییە لە گەڵانەوە بۆ ئەو مژووانەی لەسەر شیعرەکان نووسراون، دواجار هەر ئومێدی سەرکەوتن و پێشکەوتنمان لە دەست دێت بە ئەو خانمە بەیزە بڵێین و هەروەها هەموو ئەوانەی دەیانەوێت بنووسن و هەنگاوی پێشکەوتن هەبنێن..

.....

سیهەم شیعر : (وێنە شیعری نوێ) ... سمکۆ محەمەد ، ئەم شیعرە زیاتر کاریگەریی زمانی ڕۆژنامەگەریی لەسەرە، دەربڕین و شێوازەکەشی زیاتر بە گوتەی نەستەق و حیکمەت دەچێ وەك لە شیعرێکی هونەریی کە یەکێتی بابەتی تێدا ڕەچاوکرابێت و گرنگییەکی ورد بە دەربڕین و خوازەو مەجاز درابێت تیایدا، جگە لەمەش زۆر شاعیر پێش ئەو باسی نەك ڕەنگەکانیان کردووە، بەکو ڕۆژەکانی هەفتە و وەرزەکانی ساڵ و کاراکتەریی پیتەکان و ئەندامەکانی لەش و زۆر شتی تری لەم بابەتە،

کەواتە هەر لە سەرەتاوە دەردەکەوێت کە ئەم شیعرە وێنەکانی ناوی نوێ نین، ئەگەر وێنەیەکی شیعریشیان لە خۆ گرتبێت! بۆ نموونە با سەرنج بدەین کە چۆن بە سادەیی دەست پێدەکات و رستەی ئاسایی قسەکردن بەکاردێنێت و هیچ وێنەیەکی شیعریی تیا نییە، چونکە کە دەڵێین وێنەی شیعریی مانای وایە وێنەیەکی فەنتازی تێکەڵ لە واقیع یان تەنیا ئەندێشەئامێز لە خۆ بگرێت و لە واقیعدا بە جۆرێکی تر بێت، ئەگینا ئەمە هەر بۆ رۆژی گواستنەوەی وێنەی واقیع هەڵدەستین و کامێرای مۆبایلەکانیش دەتوانن وێنەی بگرن، ئەو دەڵێت:

شەو هەمیشە رەشپێشە
خەڵك زۆر بە ناشیرینی باسی قەڵە رەش دەکەن

ئەمە راستییەکی سادەیەو تەنانەت منداڵیش ئەو وەڵامە دەداتەوە کە شەو ڕەشە، یان قەڵە رەش دەنگێکی ناخۆشی هەیە و ڕشتن و رەنگیشی جوان و دڵخواز نییە. بۆیە لای خەڵك ناشرینە..ئیتر چ پێویست ناکات ئەو دەستەواژەیە بئاخنینە ناو دەقێکەوەو ناوی شیعرو بەکو وێنەی نوێی شیعریی لێبنێین! پاشتر هەروا بە سادەیی شاعیر سەبجێکت دەگۆڕێ و دێتە سەر خەڵک و ژیان و دوپشك و دڵندەکان …ئیتر نازانم ئەوانە چ پەیوەندییەکیان بە رەنگی رەشەوەیە، لە راستیدا ئەم ئاستەی نووسین زۆر کاریگەریی خراپی لەسەر شاعیرەکەی دەبێت گەر بیەوێت وەك شاعیرێکی پڕفیشنانی جیاواز بخوێنرێتەوە و بەرهەمی نەگوتراو و سەرنجڕاکێش و سەنگین پێشکەش بە دونیای شیعری کوردی بکات، لە ڕاستیدا شاعیر لە مژۆە دەنووسێت و لەمبارەدا ئەزموونی هەیە ، بەڵام نازانم بۆچی شیعری خۆی دەخاتە ئاستێکی واوە، خۆ کەس زۆری لێنەکردووە کە هەر دەبێت بنووسێت، پاشان مەرج نییە هەرچییەك بنووسین بۆاوی بکەینەوەو ناوی شیعری لێبنێین، خۆ ئەمە هیوایەتی ڕۆژنامەنووسی نییەو خوێنەران چاوەڕوانی کاری جدی دەکەن، بە تایبەتی و لە لایەکی ترەوە لە واقیعدا دێخی شیعری کوردی هەنوکە زۆر لە خراپیدایە و کەسانێکی زۆر هەن بە زۆر خۆیان بەسەر شیعردا هەڵواسیوەو تەبیعەتی خوێنەر تێك دەدەن و کەسانێکی تریش هەن یان رانانی کتێب دەکەن یان ڕۆژنامەنووسی هونەرین کەچی خۆیان لە دەبێتە شارەزای شیعرو رەخنەنووسی شیعرو کەچی ئەمانە لە کۆتاییدا هەر خوێنەران چەواشە دەکەن و دووریان دەخەنەوە لە شیعرو سەرەنجام ناو و بابەتی شیعریش بۆ بەها دەکەن…

دواتر شاعیر لەباسی رەنگی سەوزدا باسی قاوەیی دەکات، کە لە راستیدا تەنیا گۆڕانەوەیەکی ژیانی منداڵییەو بە زمانێکی ناشیعریی دەربڕینی لێکراوە، دواتر دەپرسین مەسەلەی شەخسی و خزمایەتی و نزیکیی خانەوادەیی شاعیرو باسکردنی چ سوودێك بە گوتارو پەیامی دەق دەگەیەنێت و دەگمەن و رازاوەی دەکات؟ ئایا ئەم کۆپلەیە چ

رامانك و نوبوونەوەیەکمان لا جددەت؟ باخونەر خی سەرنج بدات و بزانت چ چەشەیەکی ئیستاتیکی لەو دەقە رەکیکە دا هەیە، وەك ئەوەی ئەو دەت:

(سەوز)

لەنو باخچەکەماندا خاخاکەیەك شك دەبەم
لە قاوەییدا رەنگی بریقەی دت
من هندەم خشدەو . هەندجار دەبمەوە منداە وکنەکەی جاران
هەرگیز بیری خام ناکەم کە رەنگی سەوزی ئەو قاوەییە
ئەو شا پیاوی ئەم ژیانەیە

من لە کتاییدا تکا دەکەم هندەی چارەککی ئەوەی شیعر دەنووسرت با بخونینەوەو خمان پ مەعریفەتی شیعریی بکەین و بە دوای بابەتی رەخنەیی تازەدا بگەین و خ فری زمانی تر بکەین، با لەبری ئەوەی شیعر دەنووسرت چەند رەخنەگرکیش دروست ببن خەمیان گرنگیدان بت بە لایەنی (شیعرتی) شیعرو ئەکادیمیانە رەخنە بگرن و دوور بکەونەوە لە هاوەییەتی و من و تیی، هەرچەندە بە سوپاسەوە ئەم هەوە لە سنوورکی بچووکدا لە ماپەی دەنگەکاندا بوونی هەیەو زر باشیش ژەی شیعرە خراپەکانی سنووردار کردووە، بەام بە دنیاییەوە پویستمان بە زیاترە هەم لە رووی چەندتی و هەم چنییەتییەوە.

باش بوو کس بە قسەی عارفی نکرد ...عەلی مەحمود محەمەد

کاك عارف قوربانی سبارت بە هرشکانی تورکیا بە سر رژئاوای کوردستان, لە دیدارکی تلەفزیونی کناکدا دت"لە برامبر کوشتنی یك منداەدا دە منداە بکوژینەوە..... بە ماویك کورد ببیتە میلتکی فاشی", ئەم قسانە هی یکەکە لەوانەی لە بواری بە دیکەمنتکردنی لایەنکی جینسایدی ئەنفال کاری باشی کردووە, هەر لەم روانگەیەوە دبت شارزایشی لەو جرە تاوانەدا هبت کە بانگشەی بە دکات کە دچتە چوارچوەی چ تاوانکی نونتاویەوە, ئەم بانگشەیە بە خلك یك تاوان بت بە ئەو چندین جار, چونکە لەو بوارەدا وك خی ناساندووە کار دکات,

کارکردن بۆ جینۆسایدێ ئێرکۆکی ئەخلاقی و ویژدانییەوە, مرۆڤ کە لەو بوارەدا کاری کردووە باوەڕی بە پرنسیبە ئەخلاقییەکانی هەبێت, بۆ تایبەتیش عارف قوربانی کە بابەتکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی دی, ئایا ئەم دوو رستەیە لە پاڵ کتێبەکانی دابندرێن, خوێنەری بگانە چی دەڵێن؟
ئایا بۆ خۆی دەزانێت ئەم بانگەشەی منداڵ کوشتنە دژێتە چوار چۆوەی چ جۆرە تاوانکاوە, بۆ پۆوری نەو نەتەوەیی, ئەدی ئەو منداڵانە چەند کوژێت و چ ئامرازێك بەکار دەهێنێت بۆ کوشتنیان, خۆ ئەمە فڕۆکەو تەپخانەمان نییە, یان ئۆویش وەك داعشکان منداڵی خۆیان هانە دات خۆیان بتەقێننەوە, یان وەك بەکۆمەڵ حەرام دەست بەسەر قوتابخانەکاندا دەگرێت و قەسابخانە سازە کات, هاوکات فاشیست بوون کاتی و نا کاتی نییە, شەڕ پەنجەیەکە کەی گرت تا مردن لە کەی نابڕتەوە, وەك هیتلەرو مسۆلینی تاسەریان پان نەکرێتەوە لە مەشك و جۆستیان هەر دەمێنێت.

خۆشبەختانە نەك سەرکردەکانی ڕژئاوا بۆ قسەی ئەم دەنگە نا شازەی سیاسەتیان نەکرد, بگرە یەکەك لە سەرکردەکانی بوونە قوربانی تاوانێکی وا کە کاك عارف بانگەشەی بۆ دەکات ئۆویش هەڤاڵ " هەفرین خۆف"ە, لە گەڵ 8 هاوڕاتی سڤیلی دیکە, لە تاوانێکی هاوشێوەی ئۆوەی کاك عارف بانگەشەی بۆ دەکات بوونە قوربانی, کوشتن و ئیعدامی دژەوەی دادگا و سوکایەتیکردن بۆ جۆستیان, ئەم دەسیایە وا تقییەوە مزۆمیەتی کوردی نیشان هەموو جیهاندا, بارتەقای هەموو شێی داعش خێکی هەنایە پشت کوردەوە وەك هەورە تریشقە مەترسی ئەنجامدانی کەمە کوژی تورکیای دژرخست, لە ئەگەر بۆ قسەی عارفمان بکردبایا, ئەمە بکەری منداڵ کوشتنکان بوینایا, ئەوا چارنووسمان وەك هەزکی فاشستی روخاوی ناشرین دژرکەوت , هەموو ئەو جوانیانەی لە رابردوو بەدستمان هێناوە, لە گەڵ چەقەی سەر ملی منداڵێك ناشرینە بوو, مرۆڤ بوونمان لە دەستە دا, وێنەی داعشمان هەڵدەگرت, داعش ئاسا کەتا شوێنیان زیندانەکان و کەمە کوژی و دادگاییکردن دەبوو, چارنوسمان لە چاو 198 ڕژەکەی ئەنفال جۆزنە بوو.

تامیلەکانی سریلانکا ئۆستاش باجی ئۆوە دەدەن ڕگایان لە خێك گرتووە شارو شارچکەکان جە بهێن و وەك بارمتەی شێ بەکاریانیان هێناوە, لە پایانەوە شێیان کرووە, لە کاتی شێ لە گەڵ سوپای سریلانکا, کە ئەمە نموونەی هەزاران حاڵەتی وامان لە هشتاکان هەیە, بەیە وەك تاوانباری جەنگ سەیرە کرێن و دەسیەی جینۆسایدی

تامیلیان بەم کارو کردەوەیە بەتاڵ کردەتەوە, ئەمە نەك بە قسەی عارفەکان ناکەین, بگرە پرنسیبێکی مرۆیانە, بەرگرییەکی سپی ئەنجامدەدین, بە ئەوەی رۆژئاوا وەك کەمێنە هەر بە رو سپێتی وەك توکی سەری ئاپۆیا ما بەنەتەوە.

لەبەر ئەوەی بانگشەی جینسایید دەکات, پێشنیارە کەم, تا بە فەرمی داوای لێبوردن نەکات, هەموو نووسین و کتێبکانی لە بواری جینسایید هەبگرترێتەوە, وەك خەی دەزانێت بانگشەکردن بە جینسایید لە رۆگای کناێکی راگەیاندنەوە دەچێتە چوارچێوەی هاندانەوە, تاوانکەی کەمتر نییە لە گەڵ بکەری راستەقینە.

کورد لە دوو ئەکتەبەری تراژیدیادا … نوسینی| ئەحمەد کامەران

هەرکاتێك باسی نەتەوەیەکی ستەملێکراوی گەورەی جیهان دەکەینەوە کە ئەویش نەتەوەی (کوردە), راستەوخۆ ساڵ و مانگ و ڕۆژی تراژیدیامان بەر گوێمان دەکەوێتەوە کە بگومان ئەمەش جێگای ئازارە.
وە هەرکاتێکیش کە گوزەرێك بە نێو مێژوودا بکەین بەتایبەتیش مێژووی گەلی کورد ,راستەوخۆ رووبەروی کەمەڵك شتی خەماوی و کارەسات بار دەبینەوە,چوونکە بەردەوام بە درێژایی مێژوودا ئەم گەلە خەڵر لە نەدیوە لە هەموو لایەکەوە بە بەردەوامی تووشی هەرش و کووشتن ودەستدرێژی بێتەوە لەلایەن وڵاتانی دەوروبەریەوە یاخود وڵاتانی جیهان, کەتێیدا بە هەزاران کورد خوێنی لەسەر ئەم خاکەی خێیدا بەبێ تاوانی ڕاوە, یاخود لەسەر ماڵ و حالی خەی دا شەق باران کراوە.
ئەم هەموو ڕوودا و کارەساتانەی کە کراوەتە سەر میلەتی کورد مێژوو بەردەوام بێ نەوە پاش نەوەی خەی باسی دەکاتەوە و هیچ کاتێك لەیاد ناکرێن, وە لە هەمان کاتیشدا دوو روداوی گرنگ تری میژوویی کە دووبارە رووبەرو کورد کراوەتەوە,
ئەویش ڕووداوی 16 ئەکتەبەری باشوری کوردستان وە 9ی ئەکەبەری

ڕۆژئاوای کوردستانە, واتە دوو رووداوی گەورە لە یەك مانگی جیاوازدا کە کوردی تێدا بووەتە سووتەمەنی.
16 ئۆکتۆبەر: رووداوێکی تراژیدی و کارەسات باری گەورەیە کە لە بەرامبەر گەلی کورد کرا پێش دووساڵ لەمەو بەر , لە باشوری کوردستان لە نێو جەرگەی قوودسی کوردستان (کەرکوك) لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە ئەنجام درا ,عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە بە درێژایی مێژوو چەندین کردەوەی قێزەونی بەرامبەر کورد ئەنجام داوە. لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا بە چەندان کوردی بێناز بوونەتە قوربانی و وەهەروەها لەنێو ماڵ وحالی خێشیان دا دەربەدەر کران, وە لەهەمان کاتیشدا رووداوەکە هاوشێوەی ئەو رووداوە مێژوویەیە کە لەسەردەمی بەعس دا کرا کە تێیدا کوردەکان راگواسران یاخود بە زۆری تەعریب دەکران, وە هەرچەندەش کە لەسەر ئەم رووداوەدا گوێبیستی ئەوە دەبینەوە کە خیانەتێکی ناوخێیی دەستی هەبووە لەم رووداوەدا هاوشێوەی مێژووی سەدەکانی ڕابردووی کورد کە زۆرجار ان لە ناوخێدا خیانەتێك یان هەوەشانەوەیەك ئەنجام درا,بەڵام رووداوەکەی ئەم جارە ئەگەر بەخیانەت لێدانی ناوخێیی لە قەڵەم بدەین کە لەلایەن هێزێکی کوردی کرا , ڕەنگە ئەمە بۆ ئێستا قورس بێت کە ئەمە لایەنێك بە خیانەت بزانین لەم رووداوەدا کە ئەویش یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە, چوونکە ئەو هێزەش بە درێژایی مێژوو خاوەنی کەمەڵك خەباتی کورداینەتیە بۆیە پێویستە چاوەڕێی داهاتوو بکەین کە بزانین چیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

رووداوەکان و کارەساتەکان بەرامبەر کورد هیچ کاتێك بە کۆتایی نایەت چوونکە پاش دووساڵ بەسەر ئەو رووداوە مێژووییەدا, راستەوخۆ رووداوێکی تری تراژیدی بینە قاقای گەلی کوردی گرتەوە , ئەم رووداوە ش وای کرد کە دووبارە مێژوو رووداوێکی تری ناخ هەژێنی گەلی کورد تۆمار بکات کە ئەویش 9ی ئۆکتۆبەرە لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجام درا لەلایەن دەوڵەتە ڕەگەز پەرستەکەی جیهان کە ئەویش تورکیایە,وە هەرکاتێکیش باسی (کورد وتورکیا) دێتە گفتگۆ کردن راستەوخۆ پرە لە مێژووییەکی ململانێ و کوشتاری دا, وەهەروەها دەوڵەتی تورکیا بە درێژایی مێژووەکەی خێیدا بەردەوام بووە لە هەوڵدان بۆ سەرکوتکردنی گەلی کوردا, بەڵام لەباسکردنی مێژوودا زۆر ناگەیەنەوە بۆ مێژووییەکی دوورو درێژی کورد و تورکیا یاخود کورد و عوسمانی چوونکە مێژووییەکی دوورو درێژە کە هیچ کاتێك لە گرانەوەیەدا یاخود لە نووسینی دا کۆتایی نایەت, بەهۆی ئەو ستەمکاریانەی لە بەرامبەر گەلی کوردیان کردێتەوە کە تەنها ئامانجیان سینەوەی ئەم نەتەوەیە بووە.

بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی تورکیای کەماریدا کە هەر لە سەردەمی مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە هەتا وەکو سەردەمی ئەردۆغان دا دەبینین هەوڵی گەورە گەورەیان خستۆتە گەڕ بۆ نەهێشتنی ناسنامە و خاکی نەتەوەیەك دا کە ئەویش کوردە , بەڵام تاوەکو ئێستاش نەیان توانیوە لەو هەوڵەی خۆیان دا سەرکەوتووبن چوونکە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی بچووك نیە تاوەکو بە شێوەیەکی ئاسایی کۆتایی پێ بێت, وە دەبێت ئەم نەتەوەیە ببێتە درزێك بۆ نێو دڵی دووژمنەکانی خۆیدا. بەڵام لێرەدا جیاوازیەکی سیاسی درووست دەبێت دەربارەی دژایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورك بەرامبەر بە کورد,وە لەگەڵ دژایەتی کردنی ئەردۆغان بەرامبەر بە کوردان, ئەو جیاوازیەش ئەوەیە کە کە لەسەردەمی ئەتاتورك دژایەتی کردنەکەی خۆی بەرامبەر بەکورد بەهۆی هەستێکی نەتەوایەتی کۆنە پەرستانەی بوو, بەڵام کاتێك کە دژایەتی کردنەکە دێتە سەر ئەردۆغان بەرامبەر بە کورد لە دوو ئاراستەی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە, ئاراستەیەك زاڵبوونەوە نەتەوەییە کۆنەپەرستکەیە , وە دووەم ئاراستەیشی لەژێر بەکارهێنانی ناوی ئایینی ئیسلامەوەیە , وە هەروەها دەیەوێت خۆی وەکو کارەکتەری عوسمانی نیشان بدات یان بە میراتگری عوسمانی خۆی بناسێنێت کە ئەوەش تەنیا خەونێکی خۆیە لەگەڵ خۆیدا بەرەو نێو گۆردا دەیبات.

*نووسینی هەر وشەیەك دەربارەی گەلی کورد بەخشینی ئازارێکی گەورەیە بە نووسەر یاخود مێژوونووس,چوونکە بە درێژایی مێژوو بە ئەستەم دەبینرێت یاخود بە هیچ شێوەیەك نابینرێت کە ئەم گەلە لە خۆشی و ئارامی دا ژیانی خۆی بەڕێکردبێت هەر بەردەوام لە جەنگ وکوشتاری و ماڵ وێرانکردندا ژیانی خۆی بەرێ کردوە, وەهەرکاتێك تاکێکی کورد سەری خستۆتە سەر بالیفەکەیەوە بە ئاواتی ئەوە خەوتووە کە بەیانیەکەی بە ئارامی هەڵستێتەوە و تووشی هیچ کاوێکاریەك یان دەربەدەریەك نەبێتەوە.

2019|10|15

فاکتەرە راستەقینەکانی پشت رووداوی 16ی ئۆکتۆبەر … عیماد عەلی

ئەگەر ئێمەی کورد بەخۆمان لە بارودۆخی هەر چوار پارچەکە وردبینەوە و بەسەرپێی رووداوەکانی مێژووی دوور و نزیکی هەڵسەنگێنین، بە پێی ئەوەی لەبەردەستمانداید، وامان لێدێت کەزۆر هەوڵستی پشت پەردەمان بۆ دەرکەوێت و وا ئێستاش دەبینین رۆژانە بە هووڕنی گۆڕانکاریی زۆر و خێرا لە هەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵك و کاریگەریی لەسەر ژیانمان دەبینین و ئەو رەهەند و دووڕایی و لیکەوتانەی ئەو رووداوانەی بە میراتی ماونەتەوە نەك کاریگەری لەسەر خۆمان هەبێت بەڵکو بە شێوەیەکی تایبەتی لەسەر پێشهاتە نوێکانیش دەبێت، کەزیاتر وردە دەبینەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتە کە چۆن بە بۆ گرنگیدان بە گۆڕانکاریەکان و بە شێوەیەکی هەڵەمەکی ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری و ڕۆشنبیری خۆمان بەڕێ دەکەین، بەهام زۆرجار رووداوێکی ئەوتۆ دێتە کایەوە کە کاریگەریی زۆر گەورەی لە هەموو بوارەکان لەسەر ژیانی خەڵك لە کاتی رووداوەکە و بۆ ئایندەشی دەبێت.

زۆر شت رودەدەن و دەڕێنە باری لەبیرچونەوە بۆ ئەوەی ڕۆژەیەکیشیان لە یادەوەریمان بمێننەوە و سودیکی ئەوتۆشیان نابێت بۆ پەندوەرگرتن لێیان، بەهام رووداوی وا هەیە کەس نیە لە ئێمە لەبیری بکات و خۆی فەرزدەکات، چ ئەوانەی لە رابوردووی دوور واتە لە مێژوودا تۆمارکراون، یان ئەوانەی لە ژیانی خۆماندا بینیومانن، لەوانەش شەرشە یەك لە دوای یەکەکانی کوردستان و چۆنێتی سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەیان لەل ایەن دوژمنانەوە. کەس هەیە هەر هیچ نەبێت کۆماری کوردستان و ڕەوتی سیاسی ئەو قۆناغە و وردەکاری بەڕێوەچونی و چۆنێتی لەناوبردنی لەبیر بکات، مەگەر بەخۆی بیەوێت لەبیری بچێتەوە، یان نسکۆی شەرشی ئەیلول، یان ئەنفال و ماوڕانی کورد. بەهام ئەوەی کەلێنی گەورەیە و خاڵی هاوبەشی ڕەوتی ژیانی ئەم گەلەیە پەندوەرنەگرتنە لە رووداوەکان و نەبونی سەرکردایەتی بلیمەت و ژیر کە قۆناغەکە و داهاتووی بخوێنێتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکات و هەنگاوی راست و دروستی بۆ دەستەبەرکردنی دواڕۆژی بهاوێت.

ئەمە جگە لە ململانێی نێوخۆیی و رکابەری و دووبەرەکی و خودپەرستی

بە هەکار و پانانی نەرجسیەتی بادەستان و بەرژەوەنخوازی و، خیانەتکردنی نوخیەیش لە مژووەکەماندا کەم نەبوون، بەڵام خەڵکی ئازا و چاو نەترس و فیداکار و بلیمەتیشمان زۆر بوون کە دەرفەتیان بۆ نەرەخساوە ڕۆڵی گەورەی خۆیان بگێڕن، ئەوەی هەبووە هەمیشە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زۆرجار فرتوفێڵی کەسیی کۆمەڵێك خەڵك یان عەشیرەت یان تیرە خۆی فەرزکردووە بۆ ڕابەرایەتی کردنی قۆناغێك کە زادەی ئاستی ڕۆشنبیری و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری قۆناغەکە بووە و بە تێپزی خۆیان فەرزکردووە.

بەڵام لەم سەردەمە و پاش هەرەس و شۆرشی نوێ. دەبێت ڕاشکاو بین و ئەوە ڕابگەیەنین بە پێی پێوەرەکانی شۆرش، بە ڕاستی سیفەتەکانی شۆرشی نوێی تێدا نەبوو یان نەیانهێشت و لەسەرتادا هەبوو لەناویانبرد، بۆیە بوو بە درۆکراوەی شۆرشەکلنی پێشوتر و بە ناحەق ناوی لێنرا شۆرشی نوێ، لەبەر ئەوەی مەرجەکەکانی شۆرشی نوێی لەخۆی نەگرتبوو، بەکو هەموو سەلبیەتەکانی شۆشەکانی پێشووی لەخۆهەگرتبوو، بەگۆڕانکی زۆر کەمەوە، لەبەر ئەوەی عەقڵیەت و سەرکردایەتی و بیروبۆچون و پێکهاتەکانی شۆرشی نوێ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانەی پێشوو نەبوو، بەکو زۆرێك لە سەرکردایەتیەکانی هاوزەمانی هەردوو شۆرش بوون کە ئەمە بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت بە شۆرش ناوی بەریت نەك بە شۆرشی نوێش، لەبەر ئەوەی شۆرش ئەوەی پێشوتری ڕادەماڵێت و هیچ پیکهێنەرێکی پێشووی تێدانابێت و بە عەقڵیەتی تازەوە بەرەوەدەبرێت و دابڕانکی ڕەها لەگەڵ سەرجەم سیفەتەکانی پێشتردا دەبێت و ئامانج و دروشم و بیروبۆچون و فەلسەفە و سەرکردە و توخمی نوێ لەخۆ دەگرێت، کە لەگەڵ بارودۆخی بابەتی وخودی قۆناغەکەدا بگونجێت، یان ڕاستر بڵێین زادەی سەرجەم تایبەتمەندیەکانی خودی قۆناغە نوێکە بێت نەك سیفەتەکانی قۆناغ و شۆرشی کۆنی بەمیراتی بۆ مابێتەوە.

بۆیە لەو ڕوانگەیەوە دەتولنین بڵێین پاش هەرەسی شۆرشی ئەیلول، شۆرشکی نوێ بە واتای کڕکی وشەکە نەهاتۆتە ئاراوە، بەکو ئەوکەسانەی پێشتر لە ململانێدا بوون لە مەودایەکی کورتدا زاڵبون بەسەر بزوتنەوە چەکداریەکە و جموجۆ و بزاوتکیان هێنایە ئاراوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێك عەقڵی نوێ لە سەرەتادا ئارادابوون یان لەناوبران یان شەهید بوون یان لەسێدارەدران یان ئاوێتە بیرو کۆن بونەوە و بەناو شۆرشی نوێ بووە درۆکراوەی سەرجەم ململانێ و ڕەفتار و ئەخلاقیات و بۆچون و عەقڵی سەرکردایەتی شۆرشی کۆن(جەلالی مەلایی) بە درۆکراوەی ناوی شۆرشی نوێوە.

بۆیە ئەو ناکۆکی و ڕکابەری و دژایەتی و ململانێیەی هەبوو کتومت وەکو خۆی تا پاش ڕاپەڕینی ئازاری 1991 ی کوردستان و تەنانەت تاوەکو ئەمڕۆش درێژەی کێشا و هەر ئەوە بووە هۆکاری نەهامەتی بۆبەناو شۆشەکە و بێ گەلی کوردیش، تاوەکو هەلگیرسانی شەڕی براکوژی نێوخۆی کوردستان وەکو شەڕەکانی پێشتری شاخ لە نێوان سەرجەم لایەنەکاندا رویدا؛ تاوەکو ڕۆکەوتنامەی واشنتۆن بەدەستی دەرەکی هاتەئاراوە و فەرزکردنی ئاشتیەکی فشەڵی ڕوکەش لە لایەن ئەمریکاوە بە شێوەیەك کە دەکرێت بڵیین سەپاندنەکەی بە فەرمانی عەسکەری هێزی دەرەکی بووە.
بۆیە بەدرێژایی ئەم ڕەوتە سیاسیە بە ناوەڕکە باوەکەی خۆیەوە کە بێ ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ درێژەی کێشا، بە ڕەفتار و سیاسەت کردن و مامەڵە و جموجۆڵی عەسکری و بەرکەوتن، کۆمەڵك خەڵکی تر فڕی هەمان عەقڵیەت و بیرکردنەوە و سیاسەت و فەلسەفە بوون کە زادەی ئەو ناکۆکی و دوبەرەکی و ڕکابەریە کۆنانە بوون. بەڵی سەرکردایەتی کۆن هەمان عەقڵیەتی خۆی بە شێوەیەکی کردەیی ئەگەر بە مەبەستیش نەبوبێت بەخشی بەوانەی لەتەمەن لە خۆیان منداڵتر بوون، بەڵام لە سەردەمی خۆیاندا نەژیان و کتومت گەرندرانەوە بێ زەمانی ئەو سەرکردانەی کە ئەو وەزعەیان دروست کردبوو، نەك ئەمان وەکو بیرکردنەوە و بۆچون و تێگەیشتنی خۆیان و بە بارودۆخی سەردەمەکەی خۆیان و عەقڵیەتی نوێ و جیاواز لەوان ڕەفتار و سیاسەت بکەن و شەڕش بەڕێوەبەرن.
هەر ئەمەش بە هەمان جەوهەر و شێواز و ڕوخسارو پێکهاتەیەوە و وەکو خۆی گواستراوەتەوە بۆ نەوەی پاش ڕاپەڕین و ئەوانەی وەك حزب یان بنەماڵە یان بازنەیەکی تەسك لە نێو حزبەکان سیاسەتیان دەکرد، بۆیە ڕایەکی یەکگرتوو و بۆچونێکی هەمەگیری هاوبەش و عەقڵیەتی ڕابەرایەتی کردنی حزبی مۆدێرن و دەوڵەت و بەرژەوەندی باڵا لەبەرچاو نەگیرا و؛ لە نێو سەرکردایەتی نوێ نەهاتە ئاراوە، وەزعە نوێکەش کەوتە دەست هەزار و یەك بەناو سەرکردەی بەروکەش تازە و بە ناوەخن کۆنەوە.

لەمەشدا و لە دوای ڕاپەڕین زۆر ڕووداوی دڵتەزێن ڕوویاندا، هەر لەشەڕی نێوخۆوە بگرە تاوەکو خیانەتی 31 ئاب و هێنانی تانك و سوپای بەعس بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، ئەگەر هۆکار و پاڵنەرەکان هەرچیەك بووبن.دەکرێت ئەوەی پێشتر باسمان کرد هۆکاری سەرەکی ئەم نەهامەتیانە بووبن لە نێوشیاندا ڕووداوانی 16ی ئۆکتۆبەر .
بەو شێوەیە وەزعی کوردستان لەژێر ڕەحمەتی ئەم دوو زلهێزەدا

دەیناڵاند و فەراهەمبونی هەلی چاوەروانکراوی چەندین ساڵە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیجیەکەی خۆی تا رادەیەك زۆر لە دەستی ئەم میلەتەدا نەمایەوە.
ئەگەر بەوردی تەماشای ئامادەباشی و زەمینەخۆشکردنی دروست و ئەو فاکتەرانەی بۆ بنیاتنانی دەوڵەت بکەیت و لە سەرخان و ژێرخانی ئابووری کوردستان وردبیتەوە و حاڵی ئەم حکومەتە بزانیت کە توانای پێدانی تاکە مەعاشێکی موچەخۆرانی نەبێت بەبێ بەغدا و متمانەی نێوان دەسەڵات و میلەت گەیشتبێتە سفر، ئەوەت بۆ روون دەبێتەوە کە بۆیاری ڕیفراندەم سەرکەشیەك بوو، ئەگەر ژێربەژێریش بۆ هەر مەرامێکی حزبیش بوبێت بەڵام لە خێدا ئامانجێکی پیرۆزە و پێویستی بە قوربانیدانە و دەبێت بە حاڵ و ماڵ لە خزمەتی ڕگەی ئەو ئامانجە لە مێژینە گەورە ستراتیجیەدا هەمووشتێك پێشکەش بکەیت.

بەڵام ئەوەی راستی بێت، لە و کاتەدا زۆر شت رووبدا کە لە رای گشتی و چاودێرانیش بە هەر مەبەستێك بوبێت دەشاردرایەوە و دەرنەخرا، یەکێك لەوانەش تا ئێستە راستیەکی نازانرێت کە ناوەڕۆکەکەی چۆن بووە و کێ نوسیویەتی و کێ بەرپرسیارێتی هەڵگرتووە نامەکەی تیلەرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئەمریکا بوو کە دوایی دزەی پێکرا و خرایەروو و ناوەڕۆکەکەی بینرا، ئەوەی تێبدا هاتووە، هەرچەند جێگەی دڵخۆشی زۆر نیە بەڵام بە بەراورد بەو هەموو نارەزایەتیە حیهانی و ناوچەییەی لەمەڕ ریفراندەم هاتەئاراوە، دەکرا لەبەرچاو بگیرێت و پابەندبونی کاتی پێوەی لە لایەن سەرکردایەتی کوردەوە هەنگاوێکی زۆر سەرکەوتوانە بوایە.

ئەوەی کرا ریفراندەم بەرەوەچوو، ئەوەی ڕوونیشە لە مەودایەکی دووردا سودی تایبەتی خۆی دەبێت، لە پیادەکردنی پرسەکەدا سەرکەوتو بوو، ئەگەر لەگەڵ ئەوەشدا زیانی کاتیانەی قۆناغەکەی لێکەوتەوە لە سەرجەم ڕووەکانەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخ بوو سەرنەکەوتنی ریفراندەم نەبوو بەکو فراوانبون و توندبونی ناکۆکی و کێبڕکیی نێوخۆیی گەورە دروست بوو کە یەکێتی و یەکبون و یەکگرتوویی کوردی خستە پەراوێزەوە، ململانێی حزبی کەسی بووە کڕسپ و تەگەرە و لەنگەری بەست لەبەردەم گەیشتن بە ئامانجێکی پیرۆز و ستراتیجی وەك سەربەخۆیی کوردستان(ئەگەر مەزەندە ئەوەش بکرێت کە مەبەستەکە شتێکی بچوکتریش بوبێت لەئامانجی ئەو پرسەیە) بۆیە گەورەترین زیان ئەوە نەبوو کە سوپای عیراق نیوەی خاکی کوردستانی داگیرکرد بەکو ناتەبایی و نایەکگرتوویی و کێبڕکێی نێوخۆیی بەزیان بۆ پرسەکەمان کەوتەوە و تاهەتایە تەنانەت لە نێو نەوەکانی

داهاتوشدا درێژه دەکێشێت و هەر ئەو ناکۆکیانە زیانەکەی فراوانتر کردەوە.

بەڵێ کەس نەبوو بە راستەوخۆ دژی ریفراندۆم بێت جگە لە کۆمەڵێك خەڵکی نەشاز و کورتبین و خاوەن بەرژەوەند و دارودەستی ئەم و ئەو (هەرچەند کارەکەیان بە سۆز و عاتیفە لەقەڵەمدا)، ئەوەبوو رووداوی 16ی ئۆکتۆبەری هێنایە ئاراوە، کە هۆکارەکی بەشدلربوانی کورد لەم رووردواوە نەك نارەزایەتی بوبێت لەمەر ڕیفراندۆم بەڵکو کاردانەوەی کۆمەڵێك خەڵکی کورتبینی کاڤام لەمەڕ کێبرکێ و بیروبۆچی بە میراتی ماوی مێژوویی میراتگرانەی نەوەکانی نێوان هەردوو حزب یەکێتی و پارتی بوو و هیچیتر. بەڵکو ئەگەر وردتری بڕوانین، 31ی ئابەکی تر بوو لەلایەن زەرەرمەندی 31 ی ئاب پێشتر‌ەوە، بەڵام بە زەرەر و زیانێکی گەورەتر‌ەوە و وەڵامی حزبیانە و تێەسەندنەوە بوو لەسەر حسابی ئامانج و خێفیداکاری و خوێنی شەهیدانی گەلی کوردستان بەسەرجەم پێکهاتە و لایەن و چین و توێژەکانەوە.
ئەگەر بمانەوێت بە وردی و زانستیانە شیکاریی پرسەی ریفراندۆم و لێکەوتەکانی و بە تایبەتی رووداوی 16ی ئۆکتۆبەر بکەین، دەبێت تێامان و توێژینەوە لەو رووداوە و مێژووی رووداوەکانی ڕۆژەوی دەیان ساڵەی پێش ئەوە لەبەرچاوبگرین کە چەند زیانی بە میلەت و ئامانج و دوارۆژەکەی گەیاندوە و بە وردی ناوەخنی رووداوەکان بخوێنینەوە نەك بە روکەشی و بارودۆخی قێناغ و کاتەکەی بەتەنها لەبەرچاو بگرین. ئەمەش توێژینەوەیەکی دوورودرێژی دەوێت. بەڵام ئەگەر بەسەر پێیانەش بێت دەکرێت ئاماژە بە فاکتەر و پاڵنەر و بەرژەوەندی کارەکتەرەکانی بکەین کە بووە هۆکاری کارەساتێکی گەورە و بە هەمان شێوەی 31ی ئاب و بەڵکو زۆر زیاتریش کە قەت لەبیر ناچیتەوە و دووبارە کەڵنێکی گەورەی لە جەستەی گەلی کوردی دروست کرد. دەکرێت ئەوەش لەم چەند خاڵە چڕیان بکەینەوە:
!- پابەندبونی کارەکتەرەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بە فەرمانەکانی وڵاتانی دەوروبەر لە دەرئەنجامی دابەشکردنی ڕۆەکانی هەردوو زلهێز و دابەشبونیان بەسەر تورکیا و ئێراندا، ئەمیش لە پیناو تێەکردنەوە لەیەکتر.
2- قەتیسبونی گیانی رق وکینە لە دڵ دەروونی هەردولا و لەبەرچاو نەگرتنی بەرژەوەندیە باڵاکانی کوردستان بە هیچ شێوەیەك و کورتبینی و کاڤامی زۆرك لە کارەکتەرە سەرکیەکانی رووداوەکە.
3- نەبونی سەکردایەتیەکی بیرقووڵی خاوەن ستراتیجی و سەنگ و قورسایی و خوێنەری قێناغەکە و پێشهاتەکانی پاش ریفراندۆم بە روونی و نەبونی پێشبینیکەری ئایندە .

4 – جگە لە ململانێ حزبیەکان، بوونی کێشە و گیروگرفتە نوخێیەکانی نێو حزبەکان کە بأ باڵن و جەمسەرەکان لە رکابەری و کێبرکێدا، ئەم رووداوەیان بەشێوەیەك لە شێوەکان کردە ئامرازێك بۆ بەرزکردنەوەی رەسیدی خێیان لەبەرامبەر رکابەرە نوخێیەکانیان.
5- هەوڵی سەرکی هەرێم بۆ تێمارکردنی مەجد و رژێکی مێژوویی بۆ خێی وحزبەکەی بۆ ئەوەی پێچەوانەکەی بخوێنێتەوە ((من وام دانابوو کە لە شەکستهێنانی پرسەکە، سەرکی هەرێم بەخێی وازبهێنێت و بڕێت ئەرکێکی مێژوویيم لەسەر شان بوو و سەرکەوتو نەبووم لەم قێناغە و هیوادرام نەوەی نوێ و خەلکی تەنانەت بەدەر لە حزبەکەی خێیشی بڵت ئەو ئەرکە سەرەکیانە لە ئایندەدا بگرێتە ئەستێ و تەنانەت حزبەکەشی بۆ نەوەی نوێ نوخێیی بەحزبهڵیت، بەمەش راستگێیی و پێگەیەکی مێژوویی بۆ خێی تێمار دەکرد و بە خێی دەبووە مەرجەع ئەگەر لە ماێیشەوە دانایشتیا(داخەکەم پەندی لە هەوێستی جەمال عەبدولناسر وەرنەگرت لە شکستی شەەکەی لەگەێ ئیسرائیلدا و کە بۆیاری وازهێنانی لە سەرك کێماری دا جەماوەر رژانە سەرجادە و بەزەر بواریان نەدا وازبهێنێت)…)).
6- بۆسەروبەری لە رکخستنی سیاسی پرسەکە نەك بەرەوەچونی کاری هونەری خودی پرسەکە، بۆ ئەوەی خەك بکرێتە خاوەنی وانیشان دەدرا کە کەسك و حزبك دەیکات و ئەمەش پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسیارێتی هەدەگرێت، لەبەر ئەوەی ئەو و سەرکەکەی بوو کە ویستی ئەم مێژووە بۆ خێی و حزبەکەی تێمار بکات نەك ئامانجکی هەموو کورد بڵت و خەك خاوەنی بڵت و دوور بڵت لە ئماناجی کەسی و پاتنەری نەرجسیەت، هەر خەکە کە قوربانی بۆ داوە و هەر بەخێی مێژوو بۆ خێی دروست دەکات، بە چاکی و خراپیەوە، بۆیە شکستهێنانی کورتمەودای ئەم پرسەیە هەر دەبڵت پارتی بەرپرسیاریەتەکەی هەبگرێت و باجی بدات، بەام رووداونی 16ی ئکتۆبەر بەرپرسیارێتیەکەی دەکەوێتە ئەستێی هەمو کەس لایەنە بەشجاربووەکان.
7- کورتکردنەوەی پرسەیەکی گەورەی نەتەوەیی ئاوها بۆ فیستفاێی حزبیانە و خەك کێکردنەوە بەدوور لە راسپاردنی خەکی پسپڕ و چاودێر و شیکەرەوان بۆ کێبونەوە و توێژینەوە و رگە دێزینەوە یان رینمایی و دیاری کردن راسپاردە.
8- نەخوێندنەوەی وەزعی ناوچە دابڕاوەکان و رێی وێاتانی دراوسێ و جیهان لە مەێ ئەو ناوچانە و هەستیاریی ئەو پرسەیە لەوێدا (لەوانەیە پرسەی ریفراندێم لەوناوچەیە دوابخرایە پشهاتی تر و دەرئەنجامی جیاوازمان بینیبایە).
9- لەبەرچاو نەگرتنی کێمپانیا جیهانیەکان و رێ و کاریگەریان

لەسەر پرسی سیاسەتی جیهان و کارنەکردن لە زامنکردنی هەوڵستی ئەوان (برتیش پترۆلیۆم) مان بینی لەدوای 16 ئۆکتبەر چۆن گوژمی کارکردنی سەرەکیان خستە کەرکوك و تا ئێستاش گومان لە رەفتارەکانی دەکرێت و بەکو تا ئێستاش بەریتانیا و ئەم کۆمپانیایە پترۆڵی کەرکوك و خانەقین و ناوچەکانی تر بە مافی خۆی دەزانێت.
10 – پێکنەهێنانی لیژنە و وەفدی بڵایەن و ئەکادیمی بۆ سەردانی وڵاتان و زانینی هەوڵستی راستەقینەیان، ئەوەی هەبوو لە ژێر دەستی تاکە حزبێك و تاکە کەسێکەوە مایەوە و هیچ زانیاریەکیش لەو بارەوە بە وردی بڵاونەکرایەوە و دەرئەنجامەکان خرایە دەست قەدەر و شەفافیەت بونی نەبوو.
بۆیە دەتوانین بڵێین؛ رووداوانی 16ی ئۆکتۆبەر تا ئێستاش لەدەرئەنجامی هەڵەکانی چۆنێتی پراکتیزەکردنی پرۆسەی ریفراندۆم بەو ناکۆکیانەوە لە نێوخۆیی کوردستان بوو زیاتر لەوەی لێکەوتەکانی رەفتار و هەوڵستی بەغدا و وڵاتانی دەوروبەر و جیهان بێت.
لێرەشدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەگەر ریفراندۆم زۆرێك لێکەوتەی زیانبەخشی گشتی و کورتمەودای لێکەوتەوە بەدوای بەشداری ئەو حەشاماتە خەڵك و رۆژەی زۆرینەی رەهای بەڵێیەی هێنایە ئاراوە، خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکە تاماوە بە زیندوویی دەمێنێتەوە و لە بارودۆخ و زەمینەی بابەتی و خودیدا دەتوانرێت قازانجی یەکجار گەورەی لێببینرێت و بۆ کاروباری سیاسی و تەکتیکی رۆژانەش تا گەیشتن بە ستراتیجی گەورە بەکاربێت و کارتێکی یەکجار گرنگە بەدەست سیاسەتمەداری عاقڵەوە.
لە کۆتاییداە دەبێت ئەوە بخەینە بەرچاوی خەڵك کە ئاکامی ئەم رووداوە و زەرەر و زیانەکانی بۆ پرسەکە و لێکەوتە دوورمەوداکانی چۆن دەبێت. بەڵێ 16ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنی ناوچەدابڕاوەکان بە کشتی و زاڵبونی بڕهودەیی بەسەر بیر و هۆشی خەڵك و بڕمتمانەیی بە شۆرش و دەسەلات وپرسەکە بە گشتی نەرێنیترین دەرکەوتەی چڕاوی زوخاوی ئەم رووداوە بوو. بەڵام ئەوەی زیاتر کاریگەری هەبوو ناکۆکیەکان زۆرتر و سەختر و فراوانتر بوون، نەك رووداوێکی نەتەوەیی وەکو رۆفراندۆم یەکێتی و یەکبون و تەبایی و تۆکمەیی لە نێوان ریزەکانی خەڵك بەهێزتر و مکۆمتر بکات وەکو لە سەرجەم پرۆسەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی گشتگیری چارەنوسساز چاوەروان دەکرێت.
ئەوەی زیاتر جێگەی داخ بوو کەس بەرپرسیارێتی شکستهێنانی پرۆسەکەی هەڵنەگرت و خرایە سەر شانی هەمووان و دووڕویی و نکۆڵی کردن جێگەی بەڵێن وپەیمانەکانی پێش ریفراندۆمی گرتەوە. لە دەرئەنجامی 16ی

ئۆکتۆبەریش خەلك سەرجەم کردەوە نابەجێکانی ڕژەوی شۆرشەکان و هەڵەی سەرکردایەتی و ناپاکیەکانی کەوتەوە یاد و ئەزموونی حوکمڕانیش چەندین هەنگاو پاشەکشەی کرد و قورسایی هەمەچەشنی بواری ئابووری و سیاسی کەوتە سەر شانی سەرجەم چین وتوێژەکانی گەلی کوردستان و چاکسازی راستەقینە و هەنگاوە ئەرێنیە چاوەڕوانکراوەکان تەنانەت بەسەر پشتی کیسەڵیشدا نەڕێشتن. بۆیە دەکرێت بڵێین ئەگەر لە نسکۆی شۆرشی ئەیلول و ئاشبەتاڵ بۆئومێدی باڵی بەسەر سەرکردایەتی و شکستی سەرکردایەتی بووبێت نەك خەڵك بەگشتی لەبەر ئەوەی هەڵکارە سەرەکیەکەی بە دەستی دەرەکی بوو نەك نۆخێیی، بەڵام 16ی ئۆکتۆبەر و دەرئەنجامەکانی بە گەورەترین هەڵکاری بۆ ئومێدی دادەنرێت لە نێو دێ و دەروونی خەڵکی کوردستان بە گشتی لەبەر ئەوەی هەڵکاری شکستەکە زیاتر نۆخێیی بوو نەك تەنها دەرەکی بێت. بۆیە ئەگەر راست بڵێن شکست بە یەکگرتوویی ئەزموونە بەڵام تەنانەت سەرکەوتن بە پەرشوبڵاوی و ناکۆکی بێتەئاراوە لە جەوهەردا شکستە.

لە گۆمەی دامەوە، بۆ تێختەی شترەنجی سیاسی! ... برایم فەشی

سەرباز و ئەسپ و فیل و وەزیر و قەڵا، هەر کام بە فەرم و جوڵەی خۆیانەوە لە سەر تێختەی شترەنج لە پێناو سەرکەوتن و پاراستنی کیان, بە پێی ستراتێژی و تاکتیک بەکاردەهێندرێن.
بە پێچەوانەی شترەنج، لە گۆمەی دامە، سیستەمی گرێدان و هاوکاریی مەڕەی جیاواز بە یەک مەبەست، واتە پاراستنی کیان(پاشا) و سەرکەوتن لە گۆڕدا نییە. ئەرک و شێوەی جوڵە و هواڵەتی مەڕەکان وەک یەکن، مەڕەکان هیچ هواڵەتکەران نییە و دەتوانن هەر شتێك بن، هەروەك چۆن مەیدانی گۆمە، دەتوانێ هەر شوێنێك بێ.
ئامانج لە کێبڕکێی نێوان مەڕەیان خاوەن مەڕە، بوون بۆ ئاغایە. بە پێچەوانەی شترەنج، هەر مەڕەیەکی دامە بۆی هەیە ببێ بە ئاغا، ئاغاکان شۆڕی یەکتر دەکەن بۆ سەرکەوتن بە سەر یەکتردا. کاتێك

لایەنێک تەنیا یەک مەرجی لە مەیداندا مایەوە، دەبێتە داشۆرەر، واتە سەرجەم یاسا ژێر پێ دەخرێ و داشۆرەر دەتوانێ قۆڵەمباز بدا و دەوری ئاغا بگێڕێ. کە هیچ لا سەرنەکەوتن و یەک مەریان لە مەیداندا مایەوە، مەیدان بە تەواتەن بە شوێن یەکتردا دەکرێتەوە، بە بێ ئەوەی گەمە سەرئەنجامی هەبێ.
لە گەمەی دامە، کیان و پاراستن و ئەرکی گشتی بوونیان نییە، ئەوەی هەیە، کەبەرکەسی نەوان مەرە و لایەنگانە بە بوون بە ئاغا و سەرکەوتن بە سەر ئەویتردا!
خەڵکی بە کیان لە ناو شەترەنجی سیاسی جیهان دەوریان نییە، گەر هەندرانە ناو گەمە، ئەرکی پاراستنی کیانی ئەم و ئەویان پێدەسپێردرێ!
بە "بیر و ئامانج و تێگەیشتن و مێتۆدی دامە" لە سەر تەختەی شەترەنجی سیاسی، گەمە ناکرێ.

برایم فەیشی

- دامە گەمەیەکی کۆنی کوردییە.

ناپاکییەکانی ئەمریکا دەرهەق بە گەلی کوردمان … رەزا شوان

بە لای خوێنەران و رەشنبیران و نووسەران و هەموو تاکێکی کوردەوە، ناپاکیکردنی ئەمریکا و رووسیا، لە گەلی کوردمان لە رۆژئاوای کوردستان و لە بەشکانی تری کوردستاندا، ناپاکی و کارەسات و بەسەرهاتکی نامۆ و کوتوپڕ نییە، ئەوەی کەمێک ئاگاداری لە سیاسەت و لە هەوێست و لە ڕەوشت و لە پیلانگێڕی و گاوکانی ئەم دوو دەوڵەتە زلهێزە، ئەمریکا و روسیا و چەند وەاتکی زلهێزی تر ببێت، ئەو راستییە تاڵ و ئەو ستەم و تاوان و ناهەقییە گەورانە دەزانێت، کە دەرهەق بە گەلی کوردمان کردوویانە و دیکەن، لە پەناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. مافکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و مافی سەربەخۆیی گەلان تەنها درۆ و دروشمن.. ئەوان بازگانی و ئالوگۆڕ بە خوێنی سڤیلی کوردەوە دەکەن.
بە هەزاران کورد بە ناڕەوا شەهید بکرێن، بە سەدان گوند و

شارەکانی کوردستان بسووتێنرێن و کاولبکرێن.. بە هەزاران کورد لە مالی خۆیان دەربەدەر و سەرگەردان و ئاوارە بکرێن.. ئەوان باکیان پێ نییە و ویژدانی مردوویان نابزوێت.. ئەمانە لەگەڵ گورگدا گۆشت دەخۆن و لەگەڵ مەیشدا شین دەکەن.. دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستان و هەر هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە بەسەر کورددا هاتوون، پیلان و دەستی گاوی ئەم دەوڵەتە زلهێزیان لە پشتەوەیە.
کەماری کوردستان لە مەهاباد کە لە ساڵی (١٩٤٦) دا دامەزرا، پشتیان بەوە قایم بوو کە رووسیا، بە ناوە میللیخواز و ئاشتیخوازە، لە پشتیانە و پشتیان بەرنادات، بەڵام رووسیا بەرانبەر بە وەرگەرتنی نەوت و گازی ئێران، بە پیلانێکی هاوبەش لەگەڵ ئەمریکادا، رووسیا سوپاکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئازربیجان کشایەوە و لە و گەڕەپی سەوزی بە ئێرانی داگیرکەری رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەردن، کە بە سوپایەکی زۆبەلاحەوە پەلاماری کەماری کوردستانی دا. بەم پیلانە سەقەییە کەماری کوردستانیان جوانەمەرگ کرد.. کورد هەرگیز ئەم نامەردییەی رووسیا لەیاد ناکات.

شەشی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١) لە باشووری کوردستان، کە ئەمریکا ئەو بەڵێنەی بە کورد دابوو، کە پشتگیریمان دەکەن، لە هەناوی مافە رەواکانمان، سەرکردەکانی کوردیش هەندە خۆشباوەڕبوون و لە سیاسەت و لە گەمەی سیاسی نەودەوڵەتی نابەلەد بوون، یەکسەر بەوایان بە درۆکانی ئامانج شاراوەی ئەمریکا کرد و خۆیان و شەشی ئەیلوولیان خستە باوەشی ئێرانی داگیرکەری رۆژهەڵاتی کوردستانەوە.. رووسیاش بەرژەوەندی ئابووری و فرۆشتنی چەکی بە عێراق، بە لاوە گرنگتر بوو لە چارەنووسی کورد، بە بەرچاویەوە فرۆکە سیخۆ و مەکۆکانی بە شاستیر و ناپاڵ کوردیان دەکوشت و کوردستانیان وێران دەکرد، کەچی چەکی زیاتری بە عێراق دەفرۆشت بۆ ڕشەکوژی و لەناوبردنی کورد و شەشکەی.

ئەمریکا نەخشەکێشی ڕەکەوتنی شومی جەزائیرە کە لە ساڵی (١٩٧٥) لە نێوان ئێران و عێراق واژۆکرا بە کۆتاییهێنان بەو شەشە گوورەیە، ئەندازیاری ئەم ڕەکەوتنەش (هێنری کیسینجەر) وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمریکا بوو، کە ڕەڵی سەرەکی هەبوو لە توانەوەی شەشی ئەیلوولدا. کیسنجەر لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیوێتی: " ئەمە زۆر بەدڵمان بەرانبەر بە کورد کرد.. نە ئەوەبوو پشتیان بگرین و ببن بە شت.. نە لەشیان گەڕاین کە خۆیان ببن بە شت" بەڵی

گەورەترین بەڵاوشتیەتان دەرهەق بە گەلی کوردمان کرد. لە ئەنفالشدا ئاوەی ئەمریکا کە بە درێ دروشمی ئازادی و دیموکراتیتان بەرزکردەوە، هەمان سیناریۆ و ناپاکی ساڵی (١٩٧٥)ی جزائیرتان لە ژێر ئاوای کوردستان دووبارە کردەوە و بەڵاوشتیەکی گەورەترتان دەرهەق بە گەلی کوردمان کرد.. بە هەڵاشدا ناچم گەر بڵێم لە فەرهەنگی ئاوەدا ڕاوشت هەر بوونی نییە و بەرژەوەندییەکانتان لە سەرەوەی ڕاوشت و مرۆڤایەتییەوەیە.

لە ڕاپەڕینەکەی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١) لە باشووری کوردستان دا، پێشمەرگە و گەلی ڕاپەڕیومان بە تەواوی باشووری کوردستانیان لە سەدامی دەندە ڕزگارکرد، بە شاری کەرکووکی کوردستانیشەوە.. کەچی ئەمریکا گەڕپی سەوزی بە سەدام هەڵکرد و ڕێی پێدا، کە سوپای دەندەی عێراق بە تانک و تۆپ و فڕۆکە، پێلاماری کوردستان و خواروو‌ی عێراق بدات.. بە بەرچاوی ئەمریکاوە بە سەدان کەس کوژران و بە سەدان کەس گیران کە تا ئێستا گەوون. کەواوی ملیۆنی کوردتان بینی و ویژدانی مردووتان
نەبزوا و سەزتان نەجووڵا و مانۆڕی دیکتاتۆرەکتان پێ باشتر بوو لە کەمکوژی و و چارنووسی گەلی کورد.. نە ئەمریکا و نە ڕووسیاش لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی بەدناو کە زیاتر لە دووسەد هەزار کورد زیندەبچاڵ کران، نە هاتنە جواب؟!
بەڵام کە سەدام کوێتی داگیرکرد، هاوپەیمانییەکتان لە سی دەوڵەت پێکهێنا و سەربازی ئەمریکیتان هێنا و لە کوێت شاری سوپای سەدامتان کرد.. ئایا لەبەر چاوی ڕەشی کوێتییەکان بوو.. یا بە پارە و نەوتەکەی کوێت لەسەر کوێتییەکان داکانان و سەربازی ئەمریکیتان بە کوشت دا.. ئایە سەز و بەزەییتان بە کوێتییەکان دەهاتەوە.. یان بە بەرژەوەندییەکانتان بوو؟! بگومان گەر کوێت پارە و نەوتی نەبوایە مەرەباشتان ناکردن.. ئەمەیە دوو ڕوویی و دووفاقی و هەڵپەرستی ئەمریکییەکان لە سیاسەت و لە هەڵوەستیان بەرانبەر بە گەانی ژێردەستەی نیشتمان داگیرکراوی وەکو کورد.

لە پرسەی ئازادی عێراقیشدا، لە (٢٠٠٣) دا، کورد هاوکاری سوپای ئەمریکا بوو، کورد بە یارمەتی ئەمریکا هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستانی ڕزگار کرد، بە شاری کەرکووکی کوردستانیشەوە تا دەگاتە زنجیرە چیاکانی حەمرین کە سنووری باشووری کوردستانە لەگەڵ عێراقدا.. دیسان ئەمریکا لەسەر داوای تورکیا داوای لە

سەرکردەکانی کورد کرد، کە هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووک بکشێننەوە. ئەوبوو سەرکردە ترسنۆکەکانی کورد، بە زووی هێزەکانی پێشمەرگەیان لە شاری کەرکووک کێشایەوە. ئەمەش گەورەترین هێرش و ترسنۆکی سەرکردەکانی کورد بوو لە باشووری کوردستان دا.. گەر کەرکووکیان جێنەهێشتایە.. ئەو کاتە سوپای عێراق نەمابوو، گەر لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکاشدا بشەر بهاتنایە، هەر هێندەی ئەو شەڕە بەراگوزییانەی کە لە پێناوی دەسەڵات و خۆپاندندا لەگەڵ یەکێتیدا کردیان کە زیاتر لە (٥٠٠٠) پێشمەرگەیان بە کوشت دا، زەر کەمتر لەم ژمارەیە، پێشمەرگەمان لەسەر بڕیاری شاری کەرکووک شەهید دەبوون.

هەر بە هەڵکردنی گەپی سەوز لە لایەن ئەمریکاوە، بە گەلەکەمەیی سێ قۆڵی عێراق و ئێران و تورکیا، بە بڕچاوی هێزەکانی ئەمریکا و بە دەبابەی (هامەر)ی ئەمریکی، سوپای شیعەی عێراق و حەشدی وەحشی و سوپای پاسدارانی کەماری سەدارە و میتی زۆڵی تورکیا لە ڕۆژی (١٦ی/ ئۆکتۆبەری/٢٠١٧) دا، شاری کەرکووک و خورماتوو، و خانەقینیان داگیرکرد و بە دەیان پێشمەرگە و خەڵکی سڤیلی کوردیان شەهید کرد.. ماڵ و دوکان و بازاڕی کوردیان تاڵان کرد و سووتاندیان و بە هەزاران خێزانی کورد لە کەرکووک و خورماتوو لە ترسا ئاوارە بوون، تا ئەمەش زەربەیان نەگەیاونتەوە.
حەشدی وەحشی بەکرەگیراوی تورکمانەکان، لە داگیرکردنی کەرکووک و خورماتوودا ڕەفتاری زۆر نامەردانە و گاویان هەبوو بڕانبەر بە کورد، ئەوان بوون لە خورماتوو کوردیان کوشت و تاڵانی کەگاکانی بازاڕ و ماڵەکانی کوردیان کرد ودوایش سوتاندیان، حەشدی وەحشی تورکمانی، سوکایەتی و بڕزیەکی زۆریشیان بە کورد کرد.. کەچی کورد لە چاکە زیاتری بەیان نەبووە.
ئەمجارەش بە پیلانکی پێنج قۆڵی، ئەمریکا، ڕووسیا، تورکیا، ئێران، سووریا، گەورەترین پیلانیان لە دژی گەلی کوردمان لە ڕۆژئاوای کوردستان دا جێبەجێ کرد.
ڕووسیا بوو لە (١٨ی/ئادار/٢٠١٨) شاری (عەفرین)ی کوردستانی ڕادەستی تورکیا کرد، لە پێناوی فرۆشتنی چەک و کردنەوەی بازار بە کەلوپەلە پیشەسازییەکانی لە تورکیادا. لە پێناوی ڕەتکردنی بڕی گازی ڕووسیا بە تورکیادا بە ئەوروپا.
ئەمجارەش بە ناپاکیکردن لە کورد، بە گەلەکەمەیی و بە پیلانکی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و تورکیا و ڕووسیا و سوریا، ئێران، لە ڕۆژی (٩ی/ ئۆکتۆبەر/٢٠١٩) دا، ڕۆژئاوای کوردستانیان ڕادەستی دڕندەترین و خوێنڕژترین و ڕەگەزپەرستترین سوپا لە جیهاندا کرد،

کە سوپای تورکیا فاشتە، کە بە مەدرترین چەکی قورسی کوشندەوە، بە دەست پاراستن، بە رقەکی رشەوە، بەرچاوی ئەمریکا و رووسیا و جیهانەوە، کەوتوونەتە رشکوژی و کەمکوژی کورد.. ئەمش گەورەترین بەدبەختی و نامەردی ئەمریکایە و شەرمەزاریشە بە جیهان.
ئەو داستانانەی کە شەقانانی کورد لە دژی داعش تۆماریان کرد لە جیهاندا بوونەتە، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە دژی داعش، بە تازەترین فرۆکەی جەنگی و تانک و تۆپەوە، لەسەر ئەرزی راستیدا، ئەویان پشتگوێ کرا کە شەرقانانی کورد کردیان، ئەفسانەی داعش بە شەهیدبوونی یانزە هەزار شەرقانی قارەمانمان کۆتایی هات. لە جیاتی سوپاس و پیزانین و رێزگرتن لە بەرخودانی کورد.. بەم ناپاکی و نامەردییە ئەمریکا و رووسیا پیاوەتی کورد دەدەنەوە.
دوێنێ لە پەیوەندییەکی تەلەفونی نیوان پوتین و گەورە تیرۆریست ئەردۆگاندا، رووسیا داوای لە ئەردۆگان کرد کە سوپای توکیا لەگەڵ سوپای سووریادا شەرنەکات. ئەردۆگان بڕیاری دایی کە بگژی سوپای سووریادا ناچێت.. لە پێش هەڵشکردنەکەیدا، ئەمە رێکەوتن بوو لە نێوان ئەو پێنج وڵاتەی لە سەرەوە ناومان بردن.. تورکیا تەنیا بە داگیرکردنی رۆژئاوای کوردستان و بە کەمکوژی کورد و بە دەربەدەرکردنی کورد و بە گۆڕینی دیمۆگرافیای رۆژئاوای کوردستان و بە سەرهەڵدانەوەی داعش و، بە بردنەدەرەوەی کێشە ناوخۆییەکانی و بە لابردنی سەرنج لەسەر داماننی ئابووری تورکیا و دابەزینی بەهای لیرەی تورکی و بەرزبوونەوەی رێژەی بیکاری و هەژاری و بەرزبوونەوەی دەنگی نارازی لە سیاسەتە شکستخواردووەکانی.. بە پەردەپۆشکردنی دەستەبەندی ئیستانبوڵ و کێشەکانی نێو پارتەکەی، رۆژئاوای کوردستانی داگیرکرد.
شەرمەزاریە بە پوتین کە داوای شەڕ راگرتن و پاراستنی منداڵ و ژنی بتاوانی کورد ناکات، تەنها ئەو داوایەی لە ئەردۆگان کرد، کە شەڕ لەگەڵ سوپای سووریادا نەکەن.

لە جیهاندا لە ئەرگان دیکتاتۆتر و لەخۆبایيتر و رەگەزپەرستر و سیکۆپاتر و نامەردتر نییە. ئەردۆگان سەرسەختترین دوژمنی کوردە، ئەوەی کە ئەتاتورکی گەورەگەڵ تەواوی نەکرد، ئەم رەگەزپەرستە، دیموکراتەت لەو زیاتر بە کورد بکات.. بە خۆشی کورد تێینووە.. ئەردۆگان فرۆسکی تیمساحی بە منداڵانی (غەزە) دەشت.. کچی دەستە قەزوانەکانی بە خۆشی سەدان منداڵی

بەتاوانی کورد سوورن"
(نیلسون ماندێلا) راستی وت:"گەر دەتوانیت تورک بناسیت.. ڕێزێک ببە بە کورد"
ئەمجارەش ئەمریکا کوردی بە گورگان خوارد دا و ئۆپۆزسیۆنی بەناوشتی دەرهەق بە کورد کرد. ئەمەش لەسەر ئەمریکا زیر دەکەوێت. گوزارشتە لە شکستی سیاسەتیان. ئەم ناپاکییەی ترامپ لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان، ناوبانگی ئەمریکای زیاند و شکۆ و پێگە و هێزمووونیشی هێنایە خوارەوە. ئەمریکا پێشینەی خۆشی لە دەست دەست دا. لەمەوە دواش گەلان و وڵاتانیش متمانەیان بە ئەمریکا و بە سیاسەتکانی نامێنێت. بە دووریشی مەزانن کە ئەمریکا چەکیش بە ئێران دابدات.. هێندەتر حەیای بچێت.
لە سایەی سەرکایەتی ترامپ، سەرکە حولحولیەکەی ئەمریکا، کە کابرایەکی هەرزەگەی قەولوبەولییە و فری بەسەر سیاسەتوە نییە و لە مەژوو و لە جوگرافیادا زیر کەواو و نابەلەدە، هەرجارەی قسەیەک دەکات.. ترامپ لە هەڵبژارنی سەرکی ئەمریکا، بە پارە دەنگەکانی کەی و ڕووسیا یارمەتی دا، ئیستاش دوور نییە کە بە ئەوە لەگەڵ ڕووسیادا لەسەر بە دەستوەدانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕەکەوتن، تا ڕووسیا یارمەتی بدات بە دووبارە خەکاندیدکردنەوەی بە پێستی سەروک کەماری ئەمریکا. ڕووسیاش پێ باشترە، کە سەرکەکی هیچ لەبار و کەڵەوارسیاسی وەک ترامپ ببێت بە سەرکە ئەمریکا، کە بەرژەوەندییەکانی خەی لە هەموو شتەک لا لە پێشترە.. تەنات حیزبەکەشی (کەماریەکان) متمانەیان پێ نەماوە.

ترامپ لەو ڕۆژانەی ڕابردوودا، کەمەک قسەی هەڵەق و بەڵەق و تورەهاتی دەرهەق بە گەلی کوردمان کرد.. دەیوت بە هەندە قسەی پڕوپوچ و بیمانە لە پێگە و ڕێزی کورد کەم بکاتە، کە لە منداڵە ساوا و لە شێتیش ئەو قسانە ناوشێنەوە، ترامپ بەم قسانەی دەیوت ناپاکییەکەی بەرانبەر بە کورد و سیاسەتە دەڵاوکەی پەردەپۆش بکات. گوایە کورد لە شەی جیهانی یارمەتی نەداون بە تایبەتیش لەشەی (نەرماندی) وتیشی کورد و تورک دوو سەد ساڵە شەڕ لەگەڵ یەکتری دەکەن.. ترامپی هیچ نەزان، کوردەکی بە دەوڵەت و بە سوپا و بە چەک، کوردەکی سەرکوتکراوی کوردستان داگیرکەراو، دەبەست لە شەڕکی جیهانیدا، بە تاپە و ماوزەوە چی پێ بکرێت؟ سەرک تامپی نەزان، لە پاداشتی ئەوەدا شەی بەتان بکردایە، کە ئەو و هاوپەیمانە زلهێزکانتان، گەورەترین ناپاکیتان لە کورد کرد و کوردستانی نیشتمانمانتان، بەسەر چوار وڵاتی دەندە و ڕەگەزپەرستدا دابەش کرد..؟! سەرک

ترامپ، راستگۆ و پەمان بەڕن، تا ئێستا ئەمریکا لە خراپە و ناپاکی و درۆ زیاتر، چی پیاوەتییەکتان بۆ ئەمەی کورد هەبووە؟؟ ئێوە بازرگانی جەنگن و چەکفرۆشن، بەرژەوەندییەکانتان لە سەروی شەرف و مرۆڤایەتییەوەیە.

سەرۆک ترامپی بۆ ئاگا لە مێژوو و جوگرافیا، ئەی خۆ تورکیای موشتەریتان، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە دژی هاوپەیمانان شەڕی کرد، کە ئێوش دەگرتەوە. بۆ ئەوندە ناڕاستگۆ و دووروو و دووفاقیت، ئەی بۆ بە تورکیا ناڵێی نۆک یارمەتیتان نەداین، بەکو لە دژمان شەڕتان کرد.. سەرۆک ترامپ، بە گوێرەی قسە بە مانا و پووچەکانت بێت، نابوایە ئەمریکا مەرحەبای ئەلمانیاشی بکردایە و لە پەیمانی ناتۆ لەگەڵتاندا نەبوایە.
ڕاستە ئەمە دوو سەد ساڵە لەگەڵ تورکدا شەڕکەین، بەڵام هەر ئێوش ئەم شەڕتان بۆ نایندەوە. هەرگیز ئەمەی کورد حەزمان لە شەڕ نەبووە و نییە و هەردەم ئاشتیخواز بووینە، ئێستاش سەد ساڵی گفتوگۆ و ڕێکەوتنمان لە ڕۆژێکی شەڕ پێ باشترە.. دژی هیچ گەلێکیش نەبووینە و نین، پەلاماری هیچ گەلێکیشمان نەداوە کە بستێک لە خاکیان داگیربکەین. ئەمە کوردستانی نیشتمانمانیان بە بەیار و ڕێکەوتنی ئێوە، لە لایەن تورکیا و ئێران و عێراق و سووریاوە داگیرکراوە، ناچارین کە بەرگری لە ماڵەوەی خۆمان و لە کوردستانی پیرۆزمان بکەین.. ئەمە تیرۆریست نین، ئەمە شەڕشگێڕین و لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری و ئاشتی و پێکەوە ژیاندا خەبات دەکەین.. تورکیا تیرۆریستە.. ئێوە باش ئەم ڕاستییە دەزانن، بەڵام بەرژەوەندییەکانتان کوێر و کڕ و لاڵی کردووەتەوە، ڕاستییەکانتان هەڵگەڕاوەتەوە.. بە ڕەش دەڵێن سپییە و بە سپیش دەڵێن ڕەش! پشتی تورکیا تیرۆریست دەگرن و بە شەڕشگێڕانی کوردیش دەڵێن تیرۆریست. ئەمەیە دووفاقیتان.. بە هەڵوەستە ناڕواییەتانن زیاتر هانی بە داگیرکەرانی کوردستان دەدەن، بە ئەنجامەدانی تاوانی زیاتر لە دژی گەلی کورد.. هەر بە چەکە کوشندە قەدەغەکراوە نەودەوڵەتییەکانی ئێوەیە، کەمەکۆژی ئەمەی کورد دەکەن و دەیانەوێت ناسنامەی نەتەوەییمان بسڕنەوە.
سەرۆک ترامپ، ئێوە منداڵی کوردانێی کە تورکیای بەڕێوشت لە ڕۆژئاوای کوردستان شەهیدی کردن، چی تاوانێکیان کردووە؟ تاوانیان هەر ئێوە نییە کە کوردن..؟ ئایە ئەو منداڵانە پەکەکە و یەپەکەن؟! گەر ویژدانت مردوو نییە و تەکی بزەییت هەبێ.. سەد تف و نەفرەت لە ئەردگان دەکەیت.. ئینجاش لە خۆتی دەکەیت.. چونکە تۆ هەکاری ئەم تاوانانەی کە لە کورد

دەکرێن.. زۆر قسەی تر هەیە گەر بمانەوێت بیڵێین.
سەرۆک تڕامپ، وا باشترە کە بە خوت و بە قسەکاندا بچیتەوە و جوان بیربکەیتەوە.. ئینجا شکڕ بشکێنیت.
دڵنیت گەورەترین سزام بەسەر تورکیادا سەپاند، بەیارمەتی مایەی پکەنینە، چونکە کەمترین سزات بەسەر تورکیادا سەپاندووە.. بگومانیشم، کە بەیارمەتی تەنها قسەی رووتە و بە کرداری جێبەجێی ناکەیت. ئەم بریارەشت دوای ئوودەت، کە بەشکی زۆر لە دووتان و گەلانی جیهان لەمە و نەفرەتیان کردیت، لەسەر ئەو ناپاکییەی کە لە کوردت کرد.. ئەبابی شەهیدبوونی بە دەیان منداڵان و ژن و شەڤانانی بەتاوانی کوورد لە ئەستێی تە وپەتین دایە.. ئەبابی و گوناهی ئاوارەبوون و سەرگەردانی بوونی هەزاران خەزانی کوردی بەدەرتان لە ئەستێی تە و هاوناپاکت پەتین دایە.
بە داخیشەوە، تا ئەمڕۆش سەرکردەکانی کوردمان، پەند و وانەیان لە نەهامەتییەکانمان و لە هەڵکانی بەردوویان و لە هەیکانی شکستییەکانمان وەرنەگرتوون، دووبارە و دەبارەیان دەکەنەوە، تا ئەمڕۆش دوست و دوژمنی راستیمان ناناسن، تا ئەمڕۆش لە گەمە و هونەری سیاسەت و دیپلۆماتیدا نابەڵدن و هەمیشە هەڵخەڵەتا و دەڵاون. تا ئەمڕۆش خشباوەڵن و بە بەڵێن بە درێ شیرینکان و بە زەردخەنە و پەکەنینی دوژمنانی گەلەکەمان بەوا دەکەن.. لە خوەندنەوە و بە وردی پشبینیکردنی داهاتوو و لە ئەگەر و گریمانەکاندا کەڵەوارن.
ناڵەم هەموویان، بەهام زەربەی سەرکردەکانی کورد کەسی شیاونین لە شوێنی شیاودا. هەندەی لە هەڵەی دەسەڵات و پایە و بەرژەوەندییەکانی خیانەتدان دان، نیو ئەوندە بە تەنگی چارنووس و داهاتووی گەلەکەمانەوە نین.. گەر وا نەبوایە بەم دڕخ و ڕژێ نەخوزراو و ناشایستەیە نەدەگەیشتن.
ڕاستێ کە کورد بەکەس و بەدەرتانە و هاوڕێی تەنگانەی زۆر کەم.. بەهام گەلەکی کەنەدەر و خەڵاگرین و هەرگیز ملکەچی داگیرکەرانی کوردستان نەبووینە و نابین.
گەشبینم کە نەوەی نوێمان بە گوێ وتینەکئ زیاترەوە درێژە بە خەبات و و شەڕشی رزگاریخوازی گەلەکەمان دەدەن و بەوایان بەوە هەیە، کە سەرکەوتن بە گەلەمانە ومردنیش بە داگرکەرانی کوردستانە.. مێژووشمان چەندین زوحاک ناوی خستێ چاڵ. ئەوەش دەزانین کە.. ئازدی لە لوولەی تفەنگدا هەڵدەت.

لە ئەمڕۆدا هەموومان ڕژئاڤایین و.. لە سەنگەرەکانی بەرگری و

سەربەرزییدا، تەکەا لەگەڵ خۆشک و برا شەرفانە دڵەر و قارەمانەکانماندا.. شەڤانین.
رەزا شوان
نەرویج : ١٦ی/ ئوکتۆبەر/ ٢٠١٩

هێرشی تورکیا ودژست و پێوەندکانیان ... ئەحمەد رەجەب

لە گەل هێرشە درندانەکەی خەلیفەی ئیسلام رەجەب تەیب ئەردۆگانی ئیخوان ئەلموسلمینی تیرۆریست بۆ سەر رۆژئاوا جارێکی تر دوژمنانی کوردو ئازادی و هەموو پێکهاتەکانی ناو کومەڵگا کەوتنەگەرو چەنەبازی وبوختان کردن بە مەبەستی شێواندن و شاردنەوەی راستییەکان و جوانکردنی دەموچاوی دڕندەی ئاغاکانیان.
دوژمنان زۆرن و نەخشەوەکانیان جیاجیایە بەڵام لێرەدا باس لە چوار (جۆر) یان ئەکەین و، ئەم چوارە بریتین لە: جێنس ستۆلتێنبێرگی نەرویجی ــ Jens Stoltenberg ، تارق هاشمی ""عەرەب"" ، ئەرشەد سالحی "" تورك"" و عەلی قەرەداغی ""کورد"".
** سەرۆکی ئەمریکا هاری ترومان، لە 4 ی نیسانی ساڵی 1949 واژووی (پەیمانی ئەتلەسی ــ ناتۆ) ی کردو، و هەر لە دروستبوونی ئەو پەیمانە تا ئێستا دژی ئازادی و پێشکەوتنی گەلان بووەو، ئاساییە لەمڕدا، سکرەتێری گشتی ناتۆ ــ جێنس ستۆلتینبێرگ پشتگیری لە هێرشی تورکان بۆ سەر رۆژئاوا بکات و، هەر بەو پشتگیرییەش رووی خۆ و هاوشێوەکانی زیاتر رەش ئەکات و، جێی ئاماژەیە زۆربەی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ دژ بە هێرشەکەی تورکانن.
**تارق ئەلهاشمی ""عەرەب"" : کێنە بەعسییەکی چەپەڵی درندەترین رژێمێ شۆڤینیستی عەرەبە و، سەرکی قاودراوی حزبی ئیسلامی عێراقی عروبەیە و، جێگری پێشووتری سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ بوو، بە هۆی تیوەگلانی لە گەندەڵی و دزی و کوشتن ، لە لایەن دەزگاکانی دادو دادپەروەری ناوی بە تاوانبار دەرچوو، بۆ ئەوەی دادگای نەکرێت هەڵبێت بۆ کوردستان و، بووە مێوانی سەرکی پێشووی هەرێم و، ماوەیەك بە پارەی خەڵکی رەشوروت و هەژاران ژیانێکی خۆشی لە هەولێر بردەسەرو، لە گەڵ میوانێکی تر بە ناوی رافع العیساوی کە

ئەویش بە هۆی گەندەڵی و دزییەوە هەڵاتبوو بۆ هەولێر، کونگرەیان بەست و، هێرشان کردە سەر پێشمەرگەو گەڵی کوردستان ، لە کاتێکدا پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان هێزێکی سەرەکی بوون لە بەرنگار بوونەوەی داعش و لەناو بردنیان و، بە خۆنی خێیان کوردستانیان پاراست، بەڵام جێی داخە لە هەولێرەوە ئەو جووتە بەعسییە هەڵاتووانە لە سەتەلایتەکان و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن ، پێشمەرگەیان بەداگیرکەری گوندە عەرەب نشینەکان ناو بردو، پاشان چۆنە تورکیاو، هاشمی لەوێ لە بن هەنگڵی ئەردۆگان جێگیر بوو، ئێستا ئەڤت : هێرشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوا رەوایە و مرۆڤدۆستانەیە و. تورکیا داگیرکەر نییە بۆیە پشتیوانی لێئەکەم.

**ئێرشاد سالحی "" تورك"": ئەم کابرایە لە گەڵ برایەکی بەعسی بوون و، دژی خەڵکی کرکوك رەفتاریان ئەکردو، لە پێناوی سەدام حوسەین و رژێمە خوێناویيەکەی چالاك بوون و خێیان بەخت ئەکردو، لە هەمان کاتدا براکەی دەستی لە گەڵ تاقمێکی سەرسەری و بەدرەوشت تێکەاو کردبوو، حزبی بەعس پێیزانی و لە سێدارەیداو، ئەرشەد مایەوەو، لە گەڵ روخانی رژێمی بەعس بوو بە سەرکی بارێی تورکمانی و پارلەمانتاری عێراق و، ئەویش وەك دوژمنێکی سەرسەختی کوردو، هاوشێوەی ئایدن مەعروف ئەندامی پەرلەمانی کوردستان چۆن پشتگیری تورکیای کرد لە کاتی شەری عەفریندا ئەڤت : ئێپێراسیۆنی سوپای تورکیا لە دژی رۆژئاوای کوردستان جوڤیەکی ئارێنیێ بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وەاتانی ناوچەکێ و، لێرەدا حێی ئاماژەیە بە پێچەوانەی ئەرشەدو ئایدن تورکمانەکانی کەرکوك خاوەنی ئەند ئەستێرەیەکی شیوعی ناودارن وەك: شەهیدی ئازاو چاونەترس عەتا جەمیل ، ئیسماعیل تاهیرو خورشید عەزیز.

**عەلی قەرەداغی "" کورد"" : ئێمینداری گشتی یەکێتیی زانایانیی موسڵمانانێ و ، سەرکی ئابیتێی ئیسلامییە لە کوردستان و، ئەم ئیسلامە وەك هاوشێوەو هاو پێشەکانی شەوو رۆژ شیوەن ئەکات بۆ لابردنی سەرۆك محەمەد مورسی میسری و مردنی و، بۆ حەماس وتوندرەوەکانی بەنگلادیش وفەلەستین و رووداوەکەی نیوزلاندەو موسلمانانی میانمار ــ روهینگا بەڵام بەهیچ شێوەیەك باسی جینوسایدی کورد لە سەر دەستی ئەردۆگان ناکات و، بەکو عەلی قەرەداغی وەك مەلایەکی تورك مامۆستاکێی هەردەم لەخزمەتی دەوڤتی تورکیادا بەکار ئەهێنێت و لێئاست تاوانکانی تری ئەردۆگان و تورکیای رەگەزپەرست کوردەو بێدەنگە و، بۆ ناسینی ئەم مسوڵمانە " کوردە"" ئەمانەی خوارەوە ئەخەمەروو:

لە بەرامبەر ئێپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیای فاشست لە شارو شارۆچکەو و گوندو دێهاتی باکووری کوردستان، بە بەڵشداری دەیان

هەزار سەرباز، جەندەرمە، پۆلیس و جاش و، بە بەکارهێنانی هەموو جورە چەکێك: قورس، تۆپ، تانگ، هەلیکۆپتەرو فڕۆکەی جەنگی و، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای جەنگی مۆدێرن ، عەلی قەرەداغی چۆکاوخۆرو، گوڕایەڵی رەجەب تەیب ئەردۆگانی تیرۆریست وەك مەلایەکی تورکی دڕەش لاڵ و بێدەنگ بوو.

عەلی قەرەداغی بێشەرمانە وەك تورکێك لە گەڵ هونەرمەندی گەورەی تورکیا ئیبراهیم تاتلسیس خاوەن چل ئەلبۆمی گۆرانی و، مۆژوویەکی پر لە کەیف و خۆشی و سەفاو، ئالوودەی مەی خواردنەوەو، دۆستی کچ و ئافرەتانی بەرەڵاو لەشفرۆش و، لە پێش هەموو هەبژاردنێکدا بانگەشەو ریکۆام بۆ ئەردۆگان و ئاکپارتی ئەکات و، بەوەش ناوەستێت و، بەیاننامە دەر ئەکات و، بەناو ئاینی ئیسلامەوە داوا لە موسوڵمانان ئەکات و، ئەڵێت باشە دەنگ بە هاورێم رەجەب تەیب ئەردۆگان بدەن و، خۆتان و دنیاو دینتان نزا بکەن و بپارێنەوەو، لە پاڵ ئەردۆگان و ئاکپارتی بوەستن.
عەلی قەرەداغی لە روانگەی کێشەکانی موسوڵمانان هەوڵستی حکومەتی تورکیای بەرز نرخاندوو تی: لە بەر ئەوەی تورکیا پشتگیری لە کێشەکانی موسوڵمانان لە فەلەستین و میانمارو سوماڵ و یەمەن ئەکات، پێویستە کاری باشە بە باشە وەڵام بدرێتەوەو، بۆیە یەکێتییەکەمان، یەکێتی جیهانی زانایانی موسوڵمان لە ریزی پێشەوە بوون بۆ پشتگیری لە حکومەتی هەڵبژراوی تورکیاو، قەرەداغی جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە کێشەی فەلەستین چارەسەر بکرێت و، نابێت قەت فەلەستین لە بیر بکەین و، هەمیشە لە دڵماندایە و، پێویستە بەرامبەری دڵسۆز بین و، ئەوانەی بەرەنگاری ئەردۆگان ئەبنەوە لادەرو زاڵمن و، قەرەداغی نایشارێتەوەو بۆباکانەو بەبێ ترس ئەڵێت: سەرکردەیەکی باشتر لە ئەردۆغان لە ناوچەکەدا نییە..
عەلی قەرەداغی و ئوممەی ئیسلامی و زانایانی جیهانی ئیسلامی و هەموو ئیخوانەکان کردەوەکانی قەرەداغی بەرز ئەنرخێنن و ، هەر وەك ئەو بیرئەکەنەوەو، گشتیان یەك مۆدێلن و، چاویان هەموو شتێك ئەبڕێت، تەنها کوردەکانی باکووری کوردستان نابینێت کە بە ئاگری رەجەب تەیب ئەردۆگانی تیرۆریست و ئاکپارتی دژو رژێمی تورکیای شۆڤێنیست ئەسووتێن و، چاوەکانی عەلی قەرەداغی لە ئاستی باکووری کوردستان داخراون و، تەنها کوێر کۆمەکوژی کوردان لە جزیرەو سێبی و سورو و هەزاخ و نسێبین و وان و شرناخ و ئامەدو مێردین و جێهەرك و شەمزینان و هەکاری و گەڤەرو ناوچەکاتی تر نابینێت.
زیاتر لە ساڵێکە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە شارەکانی باکووری کوردستان وسەدان گوندو دێهات بەردەوامەو، ئۆو

ئۆپۆراسیۆنی سەربازییەش بە بەشداری دەیان هەزار سەرباز، جەندرمە، پۆلیس، ئاسایش و جەردەوان (جاش) و، بە بەکارهێنانی سەرجەم جۆرەکانی چەکە قورسەکان و تەکنەلۆژیای جەنگ و فڕۆکە جەنگییەکان و هەلیکۆپتەرە سەربازییەکان و تانك و تۆپەوە بڵاوئەچێت و، عەلی قەرەداغی و ئوممەی ئیسلامی بدەنگن.

هەر زوو لە پاش تەقینەوەکانی ئیستەنبول عەلی قەرەداغی ئەمینداری گشتی یەکێتی زانایانی موسڵمان و سەرکی رابیتەی کورد، داوای لێهاوڵاتیانی کوردستان کرد بۆ مەبەستی گێشتوگوزار سەردانی وڵاتی تورکیا بکەن و تۆقینەوەکانی فڕۆکەخانەی ئەتاتورك نابنە هۆی سارد بوونەوەتان و، عەلی قەرەداغی ئەگەر چەکاوخۆری رژێمی شۆڤەنیستی تورکیا نییە، بۆ ئەو داوایە ئەخاتەروو، لەباتی هاندانی خەڵك بۆ نوێژو عیبادەت، ئەم کابرایە هانی خەڵك ئەدات بۆ پێخاوات و فاحیشەو سیکس کە سەرتاپای کۆمەڵگەی تورکیای داگیر کردووەو، کومەڵکەش بەو نەخۆشییانە ئەناڵێنێت و، بەزمی عەلی قەرەداغی زۆرەو، بە هەموو شێوەیەك داکۆکی لە تورکیای رەگەزپەرست و، تیرۆریست رەجەب تەیب ئەردۆگان ئەکات و، ئەوەندە بۆ رۆژە ناوی لە لستی تیرۆریستانە لە سعودیە و میسرو ئیماراتی عەرەبی.

16/10/2019